# دابڕانی توانستی پراگماتیکییانە لە فێربوونی زمانی دووەمدا (فێربوونی زمانی کوردی بەنموونە)

**ID No. 3857**

(PP 1 - 19)

https://doi.org/10.21271/zjhs.25.3.1

**شاخەوان جەلال حاجی فەرەج**

زانکۆی سلێمانی / کۆلێجی زمان / بەشی کوردی

shakhawan.faraj@univsul.edu.iq

**ئاسۆ عبدالرحمن کریم**

کۆلێژی پەروەردە/ بەشی کوردی/ زانکوی سەلاحەددین-هەولێر

Aso.baban@su.edu .krd

**وەگـــــــرتن : 2020/12/13**

**پەسندکردن : 2021/02/02**

**بڵاوکردنەوە : 2021/06/16**

**پوختە**

ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە (دابڕانی توانستی پراگماتیکییانە لە فێربوونی زمانی دووەمدا-فێربوونی زمانی کوردی بەنموونە) بۆ گفتوگۆکردنە لەسەر ئەو لایەنەی کاتێك کەسێکی بێگانە فێری زمانی کوردی دەبێت، سەرەتا توانستی سیمانتیکیانەی لەلا بەرجەستە دەبێت، بەو پێیەی سەرەتا تەنیا توانای کۆنترۆڵکردنی کەرەستە فەرهەنگییەکانی دەبێت، واتە هەم وشەکان و هەم ڕستەکان لە پرۆسەی پەیوەندییکردندا بەواتای سیمانتیکی خۆیان بەکاردەهێنێت، لێرەوە دێینە سەر پرسیاری سەرەکی لێکۆڵینەوەکە، ئەویش ئەمەیە:

ئایا کەسی فێربووی زمانی دووەم لەسەرەتای فێربوونی توانستی پراگماتیکییانەی- توانای بەکارهێنانی کەرەستە زمانییەکانی هەیە ؟

ئایا نەبوونی شارەزایی بەکارهێنانی پراگماتیکی زمان، تا چ ڕادە و ڕێژەیەك گرفت بۆ فێربووی زمانی کوردی دروستدەکات؟

ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵێکی تیۆریانە و پراکتیکییانەیە بۆجەختکردنەوە لەسەر گرنگی زەنگینیی توانستی پراگماتیکییانەی بەکارهێنانی هێما زمانییەکان(بەدەر لەبەکارهێنانە سیمانتیکییەکانی کەرەستەکان) و دەستخستنە سەر ئەو گرفتانەی ڕووبەڕووی فێربووی زمانی کوردی لەچێوەی بەکارهێنانە پراگماتیککیەکاندا دەبێتەوە.

**وشە کلیلییەکان:** فێربوونی زمانی دووەم، چەمکی توانست، توانستی پراگماتیکی، توانستی سیمانتیکی، دابڕانی توانستی پراگماتیکی.

## پێشەکی

### 1/0) ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە:

لێکۆڵینەوەکە بۆ (دابڕانی توانستی پراگماتیکییانە لە فێربوونی زمانی دووەمدا)تەرخانکراوە.

هەڵە و گرفتی فێرخواز لە فێربوونی زمانی دووەم (کوردی)دا لە ڕوانگەی دابڕانی توانستی پراگماتیکییەوە، بە پێی تیۆری شیکاری کرۆکی سەرناوی ئەم لێکۆڵینەوەیەیە.

### 2/0) ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:

بریتییە لە (ئاماری شیکاری) و پرۆگامی (Google forms)یش بۆ پرسیار و هەڵبژاردنی وەڵامەکان بەکارهاتووە و دواتر لە ڕوانگەی پراگماتیکییەوە داتا وەرگیراوەکان شیکراونەتەوە.

### 3/0)گرنگی لێکۆڵینەوەکە:

گرنگی ئەم لێکۆینەوەیە لەوەدایە، بابەتەکانی وانەی زمانی کوردی لە بەشی زمانی کوردی لە کۆلێژی پەروەردەی ئیبن روشد لە زانکۆی بەغدا، بە وانەیەکی سەرەکی لە بەشێکی سەربەخۆ دەیان ساڵە دەخوێنرێت، واتە خاوەنی پێشینەیەکی ئەزموونی زۆرن، لەگەڵ ئەوەشدا فێرخوازانی زمانی دووەم لەوبەشە دیاریکراوەدا، توشی هەڵە و گرفتی دابڕانی توانستی پراگماتیکییانە لە فێربوونی زمانی دووەمدا دەبنەوە. ئەم لێکۆڵینەوەیە کار بۆ دەستنیشانکردن و خستنەڕووی ئەو گرفت و هەڵانەی فێرخوازانی زمانی دووەم

دەکات و دەیکاتە بنەمایەك بۆ ڕاڤەکردنی هەڵەی دابڕانی پراگماتیکیانە، بە مەبەستی دوبارە نەکردنەوەی لە فێربوونی زمانی دووەمدا.

**4/0)سنوری لێکۆڵینەوەکە:**

سنوری لێکۆڵینەوەکە بۆ وەرگرتنی داتا لە فێرخوازانی قۆناغی (چوارەم)ی بەشی زمانی کوردی لە کۆلیژی پەروەردەی ئیبن روشد لە زانکۆی بەغدا، بۆ ساڵی خوێندنی(2019- 2020) تەرخانکراوە ، ژمارەی بەشداربووان لەم لێکۆڵینەوەیەدا(35) فێرخوازن، تەمەنیان لە نێوان(22-26)ساڵدایە و زمانی یەکەم(دایك)یان (زمانی عەرەب)ییە، لە داتاکانیشدا زمانی فەرمی و زمانی نافەرمی (زمانی ئاسایی ڕۆژانەی خەڵك ) وەرگیراوە، سنوری کۆکردنەوەی داتاکانیش بۆ ئاستی واتاسازی بە دیاریکراوی (پراگماتیك) دانراوە.

**5/0) ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکە:**

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە، بەشی یەکەم بەشێکی تیۆرییە بەناونیشانی (فێربوونی زمانی دووەم و توانستی پراگماتیکیانە )یە، لەدووپاری سەرەکیی پێکدێت، پاری یەکەم چەمکی فێربوونی زمانی دووەم لەدوتوێی بابەتەکانی بنیاتنانی کۆزانیاری زمانی دووەم، فێربوونی زمانی دووەم لە ڕوانگەی چالاکی بیری و کۆزانیاری فێرخوازانەوە ڕاڤەکراون، لە پاری دووەمیشدا تێڕوانین و راڤەی پراگماتیکی، چەمکی توانست، توانستی پراگماتیکی و تایبەتمەندییەکانی، توانستی پرگماتیکی بەرانبەر بە توانستی سیمانتیکی باسکراوە. هەرچی بەشی دووەمیشە لایەنی کارەکیی لێکۆڵینەوەکەیە بە ناونیشانی(هەڵسەنگاندنی کارەکییانەی توانستی پراگماتیکی فێرخوازان)، کە تیایدا پاش کۆکردنەوەی داتا بە زمانی کوردی ، لەو فیَرخوازانەی زمانی عەرەبی زمانی یەکەمیانە و زمانی کوردی زمانی دووەمیانە، شیکردنەوە بۆداتاکان بەپێی ڕێبازی زانستی و لەڕوانگەی بەشە تیۆرییەکەوە (هەڵسەنگاندنی توانستی ئاوەزیی پراگماتیکییانە) بۆ فێربووانی زمانەکەیان کراوە. ئەمەش لەپێناو دیاریکردنی هەلومەرجی دابڕانی ئەم توانستە پراگماتیکییە و ڕۆڵیان لە درووستکردنی گرفتەکانی پەیوەندیکردندا، کە زمان بەکارهێن لە ژیانی ڕۆژانەیاندا توشیاندەبێت و پێشنیازی چارەسەریان بۆ کراوە. لەکۆتاییدا گرنگترین ئەنجامە بەدەستهاتووەکان خراوەتەڕوو.

### 1) فێربوونی زمانی دووەم و توانستی پراگماتیکییانە:

**1/1) چەمکی فێربوونی زمانی دووەم**

فێربوونی زمانی دووەم بریتییە لە هەوڵ و کردەی فێربوونی فێرخوازان بۆ فێربوونی زمانی دووەم. ئەم جۆرە زمانە کردەیەکی فێرکارییە، بۆ ئەوەی فێرخواز تێیدا سەرکەوتووبێت، پێویستی بە پلان و پرۆسەی فیربوون هەیە، لە کاتێکدا تاك لە دوای زمانی دایکدا فێری دەبێت .

فێربوونی زمانی دووەم بە چەند چەمکێکی جیاواز لە زانستی ئەکادیمی و لێکۆڵینەوەی زانستیدا بەکارهاتووە، وەك ( خوێندنی زمانی دووەم ، لێکۆڵینەوەکانی زمانی دووەم، لێکۆلێنەوەکانی وەرگرتنی زمانی دووەم، فێربوونی زمانی دووەم، ...تاد[1] .

چەمکی فێربوون (لە بنەڕەتدا بۆ جەختکردن لەسەر سروشتی بەئاگایی لە فێربووندا بەکارهاتووە.)[2]. ئەم فێربوونە لە زۆربەی لێکۆلێنەوکان وادەردەکەێت لە هەر زمانێکدا دەرئەنجامی کۆتایی فێربوونە. زمانی دووەم ئەو زمانە بێگانەیە لە ژینگەی جیاوازی خودی زمانەکەوە فێرخواز فێری دەبێت، جا زمانی ئینگلیزی بێت، یان کوردی، یان هەر زمانێکی تربێت، بۆ نموونە فێربوونی زمانی ئینگلیزی لە کوردستاندا بەشێوەیەك پیادە دەکرێت، بۆ ئەوەی فێربوونی زمانی ئینگلیزی بێتەئاراوە، پێویستە ژینگەیەکی دەستکرد دروستبکرێت بۆ فێربوونی زمانەکە و پێویستە لە نێوان فێرخواز و فێرکەریشدا کارلێککردن دروستببێت.

بیرۆکەی فێربوونی زمانی دووەم بیرۆکەیەکی نوێ نییە، بەڵکو هەر لە سەدەکانی ڕابردوو بایەخ و گرنگی پێدراوە، فێرخوازان و فێرکەران بەمەبەستی فێربوونی هەوڵیانداوە باشترین ڕێگا هەڵبژێرن. ئەو هەوڵ و کۆششە، تا سەردەمی ئەمڕۆ بەردەوامە. فێرکەرانی زمان توانیویانە چەندین ڕێگا و هەنگاوی جیاواز و کاریگەر بۆ فێرکردنی زمانی دووەم هەڵبژێرن، وەکو کاریگەری و گۆڕانکاری لە چۆنیەتی خستنەڕووی زمانی مەبەست، لەلایەکی ترەوە توانا و هێزیان خستۆتەسەر فێرخوازەکان، چونکە ئەوان دیوی ڕاستەقینەی فێربوونن وەهەر ئەوانن پشتدەبەستن بە شێوازی فێربوون و پەیوەندی لە نێوان شێوازەکانی فێربوونی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆدا.

فێرکەرەکان لە کۆی ئەزموونی ساڵانی خوێندندا ئەوەیان خستەڕوو لە هەردوو ( زمانی دایك و زمانی ئامانج)دا لە فێربوونیاندا بوونی شێواز و پێکهاتەی جیاواز گرفت و ئەستەمی زۆرنییە، بەڵام هەندێك جار لە یەکێك لە زمانەکان گرفتی فێربوون ڕوودەدات)[3].

زمانی کوردی وەکو هەموو زمانەکانی جیهان خاوەنی تایبەتمەندیەتی زمانیی خۆیەتی، بۆیە فێربوونی ئەم زمانە، یاخود فێرخوازانی زمانەکە بیانەوێت فێری زمانی دووەم بن، ئەوا سەرباری لێکچوونیان ڕووبەڕوی گرفت و ئەستەمی دەبنەوە، بۆ نموونە ئەگەر فێرخوازێکی کورد بیەوێت فێری زمانی عەرەبی ببێت، یاخود بە پێچەوانەوە فێرخوازێکی عەرەب بیەوێت فێری زمانی کوردی بێت، (سیستەمی زمانی جۆرێك لە جیاوازی و ئەستەمیان بۆ دروستدەکات)* ،دیارە جیاوازی مۆدێلی ڕێزمانی ، جیاوازی کۆزانیاری زمانی دێنێتە ئاراوە، پەیوەست بەناونیشانی ئەم لێکۆڵینەوەیەشەوە چەشنی کۆزانیاری نازمانی گرنگە، کە بنەمای توانستە پراگماتیکییەکەیە و توانا بە فێرخواز دەبەخشێت، کە بە بەکارهێنانی پراگماتیکییانەی کەرەستە زمانییەکان ئاشنابێت.

**1-1/1) بنیاتنانی کۆزانیاری زمانی دووەم:**

فێرخواز لە ناوەندەکانی فێربووندا، بەهۆی ئەو ژینگە جیاوەزەی تێدا تێکەڵدەبێت و کارلێکدەکات، بەبێ هاوسەنگی بیر و لێکدانەوە، بارودۆخێکی لاسایکردنەوەی لەلا دروستدەبێت و فێری زمانێکی نوێ دەبێت. لەم قۆناغەدا گرنگترین شت لای فێرخواز، بریتییە لە دەربڕین بێ ئەوەی لە نێوان زمانەکاندا هەوڵی جیاکردنەوەی سیستەمی بدات. لەم بارەدا شپرزەیی بیری لەگەڵ چەند دڵەراوکێیەکی دەروونی ڕوودەدات، دەبێتە هۆی ئەوەی فێرخواز بە دوای هاوسەنگکردنی کۆزمانەوانی لەکاتی فێربوونی زمانی دووەمدا بگەڕێت. ئەمەش هەر لە سەردەمی (جان جاك ڕۆسۆ، تا بیاجە) (Bardovi-Harl . K. (1996:143-148). بە ڕوونی و بەئاشکرایی خراوەتەڕوو. کۆزانیاری بەبێ بەستنەوەی زانیاری نوێ لەگەڵ کۆندا، کە ژیانە ڕاستەقینەکەی دەرەوەی قوتابخانەیە تەواونابێت. بۆ نموونە کاتێك مامۆستا لە قوتابخانە ئاماژە بە گوڵێك، یان ڕەنگێك، یاخود وێنەیەك دەکات بە ڕستەیەك دەریدەبڕێت، ئاماژەیە بۆ وێنەی ئەو شتەی لێی دەدوێت و بە شاراوەیی باس لە خەسڵەتەکانی دەکات و پشت بە زانیاری پێشووی منداڵ دەبەستێت. بەڵام ( ئەگەر هاتوو زمانی منداڵ جیاواز بوو لەگەڵ ئەو زمانەی فێری دەبێت، ئەوا هیچ کاریگەری لەسەر فێرخواز نابێت، چونکە کاتێك مامۆستا ئاماژە بە وێنەیەك، یان ڕەنگێك دەکات ئەوا فێرخواز هیچ زانیاریەکی پێشەکی لەسەر ئەم کەرستانە نییە، بۆیە کاریگەری کۆزمانەوانی و دەروونی لەسەر دروست نابێت، ئەگەر هاتوو لە هەمان کاتدا ڕێگای وەرگێرانیشی بۆ بەکاربهێنیت) ابراهیم القید و محمد مجاهد) ( 1981 :91)

کەواتە پەیوەندی کۆزانیاری زمانی یەکەم بە کۆزانیاری زمانی دووەمەوە گرنگە، بوونی پەیوەندی نێوانییان جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە لە فێربوونی زمانی دووەمدا ئاسانکردنی بۆ پرۆسەی فێربوونی بەکارهێنانی زمان دروستدەکات، ئەگەر لەلای فێرخواز هەر دوو زمانەکە پەیوەندی کۆزانیارییان لای دروستنەکرد و کاردانەوەی لەسەر فێرخواز نەبوو، ئەوا پرۆسەی فێربوونی زمانی دووەم دژوار و ئەستەم دەکات. ڕەنگە باشترین ڕێگە بۆ دەربازبوون لەم گرفتە ،گرنگیدانێت بە چالاکی ئاوەزەیی فێرخواز.

**2-1/1) فێربوونی زمانی دووەم لە ڕوانگەی چالاکی بیری و کۆزانیاری فێرخوازانەوە:**

کاتێك مرۆڤ دوچاری گرفتێك دەبێتەوە بە پێویستی دەزانێت چارەسەرێکی بۆ بدۆزێتەوە، چۆنیەتی چارەسەرکردن لە تاکێکە بۆ تاکێکتر دەگۆڕێت، ئەگەرهاتوو گرفتەکە هەمان گرفتیش بێت، یان هاوشێوە بێت، بەڵام چۆنیەتی چارەسەرکردنی لای تاکەکان هاوشێوەنیین.

زانایانی دەروونناسی دان بەوەدا دەنێن، جیاوازی سەرەکی لە نێو تاکەکان لە چۆنیەتی فێربوونی هەر شتێکدا هەیە، جا ئەگەر زمان بێت، یان زانستەکانی تربێت، ئەم جیاوازییە بوونی هەیە. فێرخوازانی زمانی دووەمیش لە سیستەمی زانیاری و ڕێکخستن و لە چۆنیەتی چارەسەرکردنی گرفتەکاندا جیاوازن. ئەم لایەنەش بە وردبوونەوە لە فێرخوازانی زمانی نوێ (دووەم) لە نێو قوتابخانەدا دەبینرێتەوە، واتە هەموویان پەنا نابەنە بەر یەك شێواز و ستراتیژی کۆزانیاری بەمەبەستی فێربوون، بەڵکو هەر تاکێك جیاواز لەوەی تر شێواز و ستراتیژی خۆی هەیە. بەمەش جیاوازی تاك لە ڕووی ئاستی فێربوون و جێبەجێ کردنی فێربوونی زمان دروستدەبێت و پلەی ئەستەمی و هەڵەیی لەکاتی فێربووندا ڕووبەرویان دەبێتەوە.

بابەتەکانی فێربوون و شێواز و زەنگینی کۆزانیاری ،هەموویان دەربڕینن بۆ کار و چالاکی بیری خودی تاك و لەیەکتریان جیادەکاتەوە، وا دەکات هەریەکێك چارەسەر و ڕێکخستنێك بۆ زانست و زانیاری خۆی دابنێت، بە شێوەیەکی تایبەت وادەکات بەرهەمە زمانیەکەی لەڕووی شێواز و جۆری وشەو ڕستەوە لەگەڵ یاسای ڕێزمانی زمانی فێربوودا هاوشێوەبێت. ئەم بابەتە لەلایەن لێکۆڵەرە زمانەوانییە نوێیەکان بەتایبەتی لە لایەنی نزیکردنەوەی کۆزمانییەکان لە لای فێرخوازدا گرنگی زۆری پێدرا، ئەوانەی بە بایەخەوە دەڕوانە ئەم بابەتە مایر(Mayer) و سشیپیرس (Schepers) و لۆفلیر (Loffler) بوون، وا دەڕوانە هەڵەکردن، کە ( هەڵەکردن وەکو پەنجەرەیەك وایە، دەتوانین تێبینی کرداری فێربوون لە فێربووانی زمانی دووەمدا بکەین، ئەوان گرنگی بە فێرخواز دەدەن و پەیوەست نابن بە شیکردنەوەی زمانی، بەڵکو ئەوکردارنەی لە مێشکی فێرخوازدا بۆ فێربوون ڕوودەدات بە گرنگیەوە وەریدەگرن و وەکو گواستەوەی کۆزانیاری تیۆری بۆ کۆزانیاری پراکتیکی) (Ellis, R. (1994: 116). لەڕاستیدا ئەم تێڕوانینە پڕاوپڕ

لەگەڵ ئەم کارەی ئێمەدا دێتەوە، لەبەرئەوەی کرۆکی لێکۆڵینەوەکە جەختکردنەوەیە لەسەر کاراکردنی توانستی پراگماتیکییانە لای فێرخوانانی زمانی دووەم، بۆئەوەی ئەم توانستەی، کە ڕەنگدانەوەی بەکارهێنانی پراگماتیکییانەی کەرەستە زمانییەکانە، بەهێزبێت و شارەزاییەکانی فێرخواز، لەخاوەن زمانەکان دانەبڕێت. ڕاستی ئەم بۆچوونەش لە شیکردنەوە کارەکییەکانی بەشی دووەمدا دەبینرێتەوە.

**2/1) تێڕوانین و راڤەی پراگماتیکی:**

لێکۆڵینەوە و بایەخدان و وردبوونەوە و ڕاڤەکردنی زانستی زمان هەڵپەیەکی زانستیانەی مرۆڤە لەبارەی زمانەوە بەگشتی و بەتایبەتی بۆ گەیشتن و بەدەستخستنی واتا و مەبەست، دەرکەوتن و گرنگیدان بەزانستی پراگماتیك و تەمەشاکردنی ( دەرهاویشتەی بیری کۆمەڵێك زمانەوانە) - Verschueren, Jef. (1999:46). لەبەرانبەر (کەموکوریی قوتابخانەی بەرهەمهێنانی بۆچوونی چۆمسکی لە کتێبی(سەربەخۆیی سینتاکس))دا Dec(1977:53. کاتێك واتا و لێکداوەنەوەی هەموو واتایەکی لە ڕستەدا قەتیسکردبوو، چۆمسکی وا یدەپڕوانییە واتا لە ڕێزمانی دروستی ڕۆنانی ڕستەوە بەرهەمر دێت و کەسی ئاخێوەر و گوێگر لەسەر بنەمای سیستەمی ڕێزمانی زمانەکەوە پەیامی لێکتێگەیشتن دەگەیەنن و دەگۆڕنەوە. چونکە ئەم زمانەوانە پێی وابوو زمان ( لە کۆمەڵ دابڕاوە و پەیوەندی بە دەوروبەرەوە نییە، دەبێت سینتاکس لە دەوروبەر دوربێت.) محەمەد مەعروف فەتاح(2012: 184). ئەم بۆچوونەی بۆ ساڵانی پێش (1957)دەگەڕێتەوە، بۆیە لەزانستی زماندا بەهۆی کوشتنی ئەرکی زانستەکە و توانەوەی لە نێو باڵادەستی ڕستەدا پراگماتیك ئەو نرخەی پێنەدرابوو، بەڵام لەو سەردەمە بەدواوە (پراگماتیك بەنزیکردنەوە لە فەلسەفەی زمان بەهای زیاتری پێدراو و لێکۆڵینەوەی وردی لە لایەن( J.R.searle, H.P. Grice) لەسەرکراو هێنرایە پێشەوە) Naeimi. A. (2011: 53& .Allami, H). بەگشتی دەتوانین بڵێین پراگماتیك وەك چەمکێکی زانستی لە ساڵانی سییەکانەوە هاتەئاراوە، پاشان گەشەیکرد و لە ساڵانی حەفتاکان بووە بەشێك لە زانستی زمان.

ئەم ئاستەی زمان(پراگماتیك) لەسەر بنەمای مەبەست، سیستەمی بەکارهێنانی زمان دەجولێنێت و پەیوەندییە واتاییەکان دەهێنێتە بەرهەمر. واتە( پراگماتیك لێکۆڵینەوەیە لە پەیوەندی پێکهاتەی سیستەمی هێمایی و بەکارهێنانی لە دەوروبەری کۆمەڵایەتیدا، پراگماتیك و سیمانتیك بەشێك لە تیۆری گشتی واتا پێکدەهێنن. Stephen C. Levinson (1983:3). کەواتە سیمانتیك و پراگماتیك پەیوەندیەکی قوڵی ڕیشەییان لە ئاستی واتادا هەیە، بۆیە شوێنی پراگماتیك لە ئاستی واتادا بەم شێوەیە خۆی دەنوێنێت (واتای پراگماتیکی = واتای سیمانتیکی + دەوروبەر) عبدولواحید موشیر دزەیی، (2004:11).

پراگماتیك بریتییە لە بەکارهێنانی زمان، یان بەگواستنەوەی زمان دەناسرێت، یاخود بریتییە لە بەگەڕخستنی زمان و گرنگی بە زمان لە (دەوروبەر)[5] دا دەدات .

بۆچوونی(Bar- Hillel) بۆ پراگماتیك وا دەبینرێت، کە لێکۆڵینەوەی زمانی سروشتی و دروستکراوە (Natural And Artificial) ،کە ناوی ئاماژە پێکراو لە خۆ دەگرێت13 :1983) Stephen C. Levinson).

واتای پراگماتیکی لەدەوروبەرەوە بەهۆی ژینگەی دەرونی و کۆمەڵایەتی و باری لێهاتووی زمانی ئاخێوەرەوە دەستەبەردەبێت و دەدرکێنرێت، پێویستە ئەو واتایانە هەڵگری پاشخانێکی هەڵگیراو و درکپێکراوی ئاوەزیبن، لە هەڵێنجانیدا ببنە واتایەکی گۆڕاو و نوێ، تا بیرێك، هێمایەك، دەستەواژەیەکی دروست بە لێکدانەوە و شرۆڤەی ئەو واتا پراگماتیکیە ببەخشن، بەم پێیە واتای مەبەست لێرەدا گرنگە. ئەم واتایەش "بریتییە لەوگوتنە دەربڕاوەی ،کە گوزارشت لەواتایەکی دیکەدەکات، جیاوازە لەواتای بنچی گوتنەکە، ئەمەش بەواتایەکی تەواوکەری واتا سەرەکیەکە هەژماردەکرێت، کە لەدەرەوەی زماندا مەبەستی دیکەی تێدا بەکاردەبرێت، بەڵام پەیوەندییان لەگەڵ یەکتردا هەیە".تالیب حوسێن عەلی (53:2019).

واتای پراگماتیکی پەیوەستە بەتێگەیشتی کەسی ئاخێوەر لە نێو بارودۆخە جیاوازەکانی دەوروبەری کۆمەڵ، بەنموونەی ئەوەی منداڵ دەتوانێت وشەی دروست لە ئاوەزی بهێنێت و بیگەیەنێتە ئاستی دەربرین، تەنانەت ڕستەی سینتاکسی ئاڵوزیش دروستبکات، بەڵام هیشتا دوچاری کێشە دەبێتەوە، ئەمیش بەهۆی نەزانینی بەکارهێنانی پراگماتیکیانەی کەرەستە ودەربڕاوە زمانییەکان. دەتوانین بڵێین ئەم گرفتە لە لایەن ئاخێوەری پێگەیشتووش، کە فێری زمانی دووەمر دەبێت، دەبێتە بەربەست و فێربوونی زمانە نوێیەکەی دوادەخات، یاخود لەنگی و کەوتنێك لە دەربرین لە هێنان و لێکدانەوەی سیستەمی زمانەکە بە بەرکەوتەی زمانی یەکەم دروستدەبێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت( واتای پراگماتیکی بەرانبەرکردنی ڕەگەزە زمانییەکانی زمانەکەیە ،لەگەڵ ڕەگەزی وێنەی ئاوەزەیەکانی دەوروبەر)(ە.د.ویدسن 2008 :100). لەم بۆچوونەوە شێلگیرانە پەیوەندی و وابەستەبوونی واتای پراگماتیکیانە بە تێڕامان و مانەوە لە ژینگەی زمانییە دیاریکراوەکەدا پەیوەستە بەدەوروبەروە دەستەبەردەکرێت. بۆ نموونە کەسێکی ئاخێوەری کورد

لە نێو ژینگەی کۆمەڵی جووتیاریەوە ڕۆنانی زمانەکەی بە و ڕەگەزە کشتوکاڵیانە پڕابێت و گەورە بووبێت، بەسانایی لە واتای وشەی(خەرمان) دەگات و لە هەر بارودخێکی پێشبینی نەکراویشدا دەتوانێت لە واتا پراگماتیکیەکەی نزیك بێتەوە و واتای تەواوی بپێکێت، وەکو:

1. خەرمان بەرکەت.
2. مانگ خەرمانەی داوە.
3. سینەی خەرمانەی داوە.

لەم نموونانەدا ئاخێوەری زمانەکە لە بنەڕەتدا درکی بە واتای وشەی (خەرمان)کردوە ( بەرهەمی کۆکراوەی گەنم و جۆ و بەگشی دانەوێڵە)یە. بەڵام هیچ کام لە وشەکانی خەرمان لە نموونەکانی(1, 2, 3)دا بەواتای دانەوێڵە نایەت و گوێگری بەرامبەریش لە کۆمەڵی کوردەواری هەمان درککردنی دەبێت. ئەوەی لێردا دەبێتە کلیلی کردنەوەی ئەو کۆدە کراوانەی ئاوەزیی، بریتییە لە توانسی زمانی ئاخێوەری زمانەکە، تا بتوانێت واتای سیمانتیکی لە بەرانبەر واتای پراگماتیکی هەڵبسەنگێنێت و واتایەکی دروستی پراگماتیکی بەدەستبخات.

**1-2/1) چەمکی توانست**:

توانست چەمکێکە لە هەموو زانستەکان و بوارەکانی ژیاندا بەکاردێت، لە زانستی زماندا لەگەڵ لەدایکبوونی ئاخێوەری زمان دروستدەبێت. لە زانستی زمانی کارەکیدا و بەتایبەتی لە کۆزمانەوانییدا، فێربوونی زمان ڕەهەندێکی خودتاك و کۆمەڵ بەخۆیەوەدەبینیت، لەم گۆشەیەوە چەمکێك بۆ فێربوونی زمان دێتەئاراوە، ئەویش (توانست)[6]، (ئەم چەمکە ،ئەو زانینە ئاوەزیەی قسەکەری زمانێکی دایکە، کە لە پرۆسەی زمان وەرگرتنەکەی بەبێ ئاگا لێبوونی خۆی وەریگرتووە، واتە توانا گشتییە زمانیە ئەبستراکتەکەی مێشکی قسەکەرە). ناهیدە ڕەحمان خلیل (2013:21). چۆمسکی لە فێربوونی زماندا توانست بەیەکەم فێربوون دادەنێت و دەیکاتە بنەمای فێربوونی زمان لە دوای توانست، یاخود بەرامبەر بەتوانست چەمکی دووەم کاراکردنی توانست (چالاکی)(performance)[7] دەخاتەڕوو. بە بۆچوونی چۆمسکی ( توانست بریتییە لە یاسای زمانیی، کە ئاخێوەری زمانی یەکەم بە جێبەجێکردنی توانای زمانیی لە خۆیدەگرێت، دەکرێت وادابنرێت توانست(competence) ڕێگایەکە بۆ بەکارهێنانی یاسای زمان و بۆ گەیاندن.) Chomsky, Noam. (1965:211)

(چۆمسکی) لەسەر توانست پێداگریدەکات و دەڵێت لەسەر ئەم بنەمایە دەتوانین بڵێین (توانستی زمانیی یاسای زمانی نموونەییە، کە ئاخێوەر دەتوانێت ڕستەی بێکۆتا لە زمانەکەی بەرهەم بهێنێت و تێبگات. Chomsky, Noam. (1965:212)

(هارتمان) لە بۆچوونی(چۆمسکی) نزیك دەبێتەوە و دەڵێت( توانستی زمانی توانای ئاخێوەری(تاك)ە بۆ تێگەیشتن و دەربرینی ئەو ڕستە و دەستەواژانەی ، کە پێشتر نەی بیستووە و نەی درکاندووە) Harmondsworth (2013 : 73). توانست لە دیوی ناوەوەیە و لە ئاوەزیی مرۆڤدایە، بۆیە بریتییە ( لەو زانیارییەی، هەموو لایەنەکانی فۆڕم و واتا و پەیوەندی نێوانیان دەگرێتەوە. Chomsky . 1980:59)). توانست زانیاری ئاخێوەرە لە بارەی زمانی یەکەمەوە(دایك)، ئاخێوەری زمان ڕووبەرێکی گەورەی لە بەهرە و زانیاریی سیستمی زمانەکەی هەیە، لەبەرئەوەیە چۆمسکی دەڵێت( توانست زانینی ئاخێوەرە، کە هەیەتی لەبارەی زمانی دایکی خۆی و بەکاریدەهێنێت وەکو سیستمی پەیوەندییە فەرمییە(formal) ئەبستراکتەکان د.ج ویندۆوسن (35:2008). ئەمە ئەوە دەگەیەنێت خەرمانی زانیاییە بارکراوەکانی زمانی دایك دەکەونە بازنەی توانستەوە ( ئەو یاساو دەستوورە شاراوانەیە، کە پرۆسەی ڕێزمان بەگشتی پێکدەهێنێت.) دیار کمال علی (2007 :17) کەواتە بەهۆی توانستەوەیە( دەتوانرێت ڕستەی بێکۆتا بەرهەمبێت) (Lyons,2002:233)،) هەموو ڕستەیەکیش لەلایەن ئاخێوەرانی زمانەوە بەرهەم دەهێنرێت، بارگراوەندێکی زانیاری لە پێشینەی خۆی هەیە، مەبەست لە توانست( لە باردابوونی قسەکەر، یان گوێگرە، بۆ ئەوەی ڕستەکانی زمان بەرهەم بێنێت و لێیان تێبگات.) خەسرۆ ئەحمەد ڕەسول ( 2012 :5).

لەم ڕوانگەیەوە توانست پێشینەکی دروستبووی زمانی یەکەمی ئاخێوەرە، هەر لەگەڵ لەدایکبوونیدا هەیە و دەبێتە کۆگایەکی گەورەی ئاوەزیی، بەپێی هەڵکەوتەی ژیری و پێگەیشتووی زمانیی ئاخێوەر هەڵسوکەوتی ناوێزە و گونجاو دەکات و دێتەکارکردن. دەکرێت ئەمە بەتوانستی سیمانتیکی ناوبرێت ،چونکە چۆمسکی بەزەقی بوونی توانای بەکارهێنانی لەئاوەزدا ڕەتکردۆتەوە ،واتا توانستی زمانی لای چۆمسکی زیاتر بریتییە لەتوانستی فەرهەنگی کەرەستە فەرهەنگییەکان بەبێ ئەوەی هیچ قسەیەکی کردبێت لەسەرئەوەی چۆن ئەو کەرەستە فەرهەنگیانە دەچنە ئاوەزەوە و دادەکرێن . هەرچی توانستی پراگماتیکییانەیە ئەوا بریتییە لەو شارەزاییانەی قسەکەر، کە لەژیانی ڕۆژانەیدا لەسەر چۆنیەتی واتابارکراوەکان وەریدەگرێت و لەئاوەزیدا دەیاندەکاتەوە، بەمەش

توانستی فەرهەنگی بەبێ توانستی پراگماتیکییانە دروستنابێت و بوونی نییە، واتە هەر توانستی پراگماتیکییانەیە، کەدواتر لەئاوەزدا دەچەسپێت و دەبێتە توانستی زمانیی /فەرهەنگی.

## 2-2/1) توانستی پراگماتیکی:

لە زانستی زماندا توانستی براگماتیکییانە(pragmatic competence) بریتییە لە توانای بەکارهێنانی زمان بە شێوەیەکی چالاك و بەڕێگایەکی دروست لە دەوربەردا .نەوزاد ئەنوەر عومەر (2014 :10)، توانستی پراگماتیکی لایەنێکی بنەڕەتییە لە توانستی گەیاندنی گشتی.

ناساندن و هاتەپێشەوەی ئەم چەمکە لە سەرەتای ساڵی هەشتاکانەوە سەرهەڵدەدات، بەم تێڕوانینە پێناسەی جیاوازانە کراوەو خراوەتەڕوو. لەپێش زمانەوانەکانی ترەوە، چۆمسکی درك بەم چەمکە زانستیە زمانییە دەکات و لە ساڵی (1980)دا دەڵێت:( توانستی پراگماتیکی زانینی مەرج و ڕێگای گونجاوی زمانە، کە ڕێکەوتن لەگەڵ پێداویستی جۆراوجۆر دەکات) Chomsky, N. (1980:109). پاش چاوپێخشاندن بە چەمکی پراگماتیك لە لایەن بەرهەڵستکارانی توانستی سینتاکسییەوە لە ڕوانینی (چۆمسکی) یەوە ، (کاناڵ و سواین) وتیان: توانستی پراگماتیکی بریتییە لە زانینی ڕواڵەت و واتا بە ڕێگای دەوروبەر (Canale, M. & Swain1980:47) . ئەم دوو زمانەوانە توانستی پراگماتیکیان وەك هۆکارێکی گرنگ لە نموونەی توانستی گەیاندندا خستەڕوو.

لەم بوارەدا (کاناڵ) زیاتر لە توانستی پراگماتیکی قوڵبووەوە و پێناسەکەی فراوانکرد و دەڵێت (توانستی پراگماتیکی توانستی خەیاڵی لە خۆدەگرێت، یان زانینی ڕێکەوتنی لۆژیك(واقع)یە بۆ بەجێهێنانی کاری زمانەوانی دروست، توانستی کۆزمانەوانی، یاخود دەربرینی ڕێکەوتنی کۆزمانەوانییە بۆ جێبەجێکردنی کاری زمان بە شێوەیەکی گونجاو لە دەوروبەری دیاریکراودا.) Canale, M. (1983:144)

(باچمان) وا دەڕوانێتە توانستی پراگماتیکی، پێکهاتەیەکی ناوەندیە، کە توانا لە خۆدەگرێت بۆ بەکارهێنانی زمان بە مەبەستی دەربرینی کۆمەڵێکی فراوان لە ئەرکەکانی و ڕوونکردنەوەی هێزی خەیاڵی لە سەر بنەمای کۆمەڵی رۆشنبیری دەوروبەر، کە دەریدەبڕن. Bachman , L. (1990:90)

پێناسەکەی (ڕۆز)یش بۆ توانستی پراگماتیکی (زۆربەی لێکۆڵەرەکان)* پەسندیان کرد، پێناسەکەی بریتییە لە توانستی بەکارهێنانی بابەتە زمانەوانییەکانی بەردەست بە ڕێگای گونجاو لەگەڵ دەوروبەردا. Rose, K. (1999:21)

بەوردبونەوە لەم پێناسانە ئەومان بۆ دەردەکەوێت توانستی پراگماتیکی ناوەندێکی فراوانە لە هەڵبژاردن و تێگەیشتن بۆ گەیاندنی واتا لە بازنەی کۆمەڵ و دەوروبەردا دەنوێنرێت. بەم شێوەیە لەڕاڤەکردنەکانەوە دەکرێت تایبەتمەندییەکانی توانستی پراگماتیکی دەستنیشانبکرێت، هەروەك لە وەچەپاری (2/1-3)دا دەخرێنەڕوو.

### 3-2/1) تایبەتمەندییەکانی توانستی پراگماتیکی:

پەیوەست بە گەیاندنی پراگماتیکییانەوە، چەند بنەمایەکی گونجاو لە دەستنیشانکردنی سروشتی توانستی کارەکی پراگماتیکیانە دیارییدەکرێت، کە لەم چێوەیەدا تاك هەڵدەستێت بەدەستنیشانکردن و دانانی نەخشەڕێگایەك بۆ گەیاندنی مەبەستە پراگماتیکییەکەی لێرەدا ئاماژە بە چەند تایبەتمەندیەکی توانستی پراگماتیکی گەیاندن دەکرێت، ئەوانیش ئەمانەی خوارەوەن. M. and S. ( 2010 :78-79 Balconi)

1- گۆڕان: تایبەتمەندی گەیاندنی پەیامە، دەستنیشانی چوارچیوەی ئەگەرەکانی گەیاندنی واتایە، لە نێوانیاندا دروستکردنی هەڵبژاردنەکانی گەیاندنی واتای پراگماتیکییە.

2- توانای دانوستاندن: دەستنیشانکردنی هەڵبژاردنە، لە سەر بنەمای (ستراتیژ)*، ستراتیژێکی لەباروگونجاو بۆ واتای پراگمتیکی، واتە لە نێوان ئاخێوەر و گوێگر دەبێت ژینگەیەکی دانوساندن و لێکتێگەیشتن هەبێت.

3- توانای گونجاندن و چاکردن: ڕێکخستنی هەڵبژاردنی گەیاندنە، کە پوەستە بە دەوروبەری گەیاندن.

4- بە ئاگایی، واتە پلەی هۆشیاری: ئەم هەڵبژاردانەی، کە تاك بۆ واتای پراگمتیکی هەڵبژێردراوە.

5-دەستنیشانکردن: توانای دوبارە دانوساندن و تیگەیشتنە لەسەر هەڵبژاردەکانی پراگماتیکی لەگەڵ کارلێکردنی کارەکیانە لە پێناو بەدەستگەیاندنی واتای پراگمتیکی.

6- دینامیکی: پەرەسەندنی کارلێکردنی گەیاندنە لە کاتی گونجاودا.

بەمەبەستی شیکردنەوەی ئەم تایبەتمەندییانە و بەمەبەستی کۆنکرێتکردنی ئەم تایبەتمەندییانەی سەرەوە، با بڕوانینە نموونەی (4):

4. دەکرێت کتێبە نوێیەکەت ببینم.

لەم نموونەیەدا ئاخێوەری زمانەکە زۆر بەشارەزایی و لێهاتووییەوە (گۆڕان)ێکی زیرەکانەی لە گەیاندنی پەیامی خستووەتەڕوو، لەبڕی ئەوەی ڕاستەوخۆ داوای کتێبەکە لە بەرامبەر بکات، هاتووە لە ڕوانگەی گەورەکرنی نرخ و بەهای کتێبەکەوە بە وشەی (نوێیەکە)+( دەکرێت، ببینم) دزەیکردووەتە نێو ئاوەزیی کەسی بەرامبەر و پەیامەکەی نمایشکردووە.

ئاخێوەر لە نموونەکەدا باش چووەتە بنج و بنەوانی کولتور و دەوربەری بەرامبەرەوە، توانایەکی باشی بۆ (دانووستاندن) هەیە و ژینگەیەکی لەباری دانووستاندنی خوڵقاندووە، باشترین ستراتیژی هەڵبژاردنی نواندووە، ئەویش لە ڕۆنانی سینتاکسی و واتای پراگماتیکی ڕستەکەوە دەردەکەوێت، کە ئاماژەیە بۆ توانای دانوستاندنی ئاخێوەر. ئاخیوەرە توانایەکی تری خۆی دەردەخات ئەویش(توانای گونجاندن و چاکردن)ە لە هەڵبژاردنی باشترکردنی واتای فراوانی پراگماتیکیانە لەلای کەسی بەرامبەر پەیوەست بەدەوروبەرەوە. نموونە دەربڕاوەکە ئاستی (بەئاگایی) و هوشیاری ئاخێوەرمان لەمەڕ زمانەکەوە بۆ دەردەخات، چەند ژیرانە دەیەوێت هەستی بەرامبەر بە وشەی (ببینم) بورژێنێت، تاوەکو وەڵامێکی بەرپرسیارانە و شەرمنانە و جۆرێك لە ناچاری لەبەرامبەر بەوەرگرتنی کتێبەکە دەستەبەربکات. هەر لە نموونەکەدا ئاخێوەر بەئاگاییەوە توانای(دەستنیشانکردن) دوبارە دانوستاندن بۆ ژینگەی دەوروبەر بنیات دەنێتەوە، مەبەستێتی پەرچەکردارێکی پۆزەتیڤانە لەلای بەرامبەر بە دەستپێکردنی وشەیەکی گونجاو لە ژینگەی ڕۆشنبیری وتێگەیشتن بە وشەی (دەتوانم)، واتە مۆڵەت خواستنە نەك جەختکردن و زۆرکردنە لە کەسی بەرامبەر، ئەویش نیشانەی هەستکرنە بەو ژینگەیەی، کە لەگەڵی لە دانوسانداندایە، کە کەسێکی خوێندەوار و ڕۆشنبیرە.

تایبەتمەندیەکی تری توانستی پراگماتیکی ئاخێوەر لەوەدیە بە شێوەیەکی(دینامیکی) تەکانێك بە واتا پراگماتیکیەکی دەدات، کە جێگای بایەخ و ئاوەردانەوەیە لەلای کەسی بەرامبەر، چونکە داخوازییەکەی وا دەربڕییەوە لە سەرەتا و لە کۆتایی ڕستەکەدا بە وشەی(کردار-v)  بۆ کەسی بەرامەر هاتووتەپێشەوە، لە پاڵ ئەوەشدا ئەو کەرەستەییەی کە مەبەستێتی (کتێب)ەکەیە بە وشەی (نوێ) بارگاویکردووە و دایڕاندووە لە کتێبەکانی تر، ئەم (دینامیکی)یە لوتکەی تێگەیشتن و سەرنجراکێشترین هەڵبژاردەکانی ستراتیژی ئاخێوەرە لە زمانەکەدا، بەواتایەکی تر قاڵبووی نێو ژینگەی کۆمەڵ و کلتور و دەوربەری خۆیەتی، دەزانێت کام ستراتیژ بۆ کام شوێن و دەوروبەر هەڵبژێرێت، تاوەکو واتایەکی پراگماتیکی بەدەستبهێنێت.

تایبەتمەندییەکانی توانستی پراگماتیکی لە پراکتیککردنی گرنگی واتاوە دور لە سینتاکسی قەتیسکراو بەدیدێت، ئەم توانستە بەشێکە لە تێڕوانین و تێڕامانی تاك لە کۆمەڵ، لەبەرئەوەی توانستی پراگماتیکی لایەنێکی سەربەخۆنییە و ناتوانێت لە کۆمەڵ دابڕێت، هەموو ئەوانەی ڕوودەدەن لە گۆڕانی واتاوە تا دەگاتە بەدینامیکی کردنی واتای گەیاندن پەیوەستن بە ڕۆڵی بەئاگایی هوشیاری تاك بە بەتاکەوە، یان کۆمەڵەوە. بۆیە گەڵالەکردنی توانستی پراگماتیکی لە هەندێك شوێندا چۆمسکی بە توانستی کارەکیانە ناوی دەبات و دەیخاتە بەرئەزموونی لێکۆڵینەوەی زانستی زمانی نوێوە.

چۆمسکی لە بۆچوون و ڤێرژنی نوێیدا Chomsky, N. (1980:134-135) بە پێچەوانەی پێش ساڵی (1957) پەسنی ئەوەدەکات، زمان بە شێوەیەکی مەبەستدار بەکاردێت، لەم بارەیەوە توانستی پراگماتیکی دەخاتەڕوو، کە زمان درکپێکردن(cognitive)ە لە چوارچێوەی چۆنیەتی بەستنەوەی زمان، بۆ ئەو مەبەستەی دانراوە، واتە زمان زمانی پراگماتیکیانەیە. چۆمسکی لە درێژەپێدانی بیرەنوێیەکەیدا، زمان بۆ ئامادەکردنی سیستەمێك لە بەکارهێنان دادەنێت، ئەویش پەیوەندی بە ناوەڕۆك و مەبەست و هۆکارە زمانییەکانەوە هەیە. هەروەها بۆ جەختکرنەوە لە پێویستی و توانستی پراگماتیکی ئاماژە بەخاڵێکی گرنگ دەکات، ئەویش ئەویە لەگەڵ زیادبوونی درکپێکردنی بنچینەی زمان، دەبێت بزانین چۆن بەکاریدەهێنین، وەکو لەم نموونەیەدا هێناوێتیەوە و دەردەکەوێت:

5- ئایا دەتوانیت ئەم سندوقە بەرز بکەیتەوە؟

لێرەدا چۆمسکی مەبەستێتی تەواوی واتا لە ڕستەدا دەربهێنێت، چونکە خۆی ڕوونی دەکاتەوە ئەم ڕستەیە لەسەر چەند واتایەکی تری هەڵبژاردن دەوەستێت، ئەویش پەیوەندی بەوەوەهەیە: ئایا کەسی بەرانبەر بەکارەکیانە سندوقەکەی پێبەرزدەکرێتەوە؟ یاخود واتایەکی قوڵی پراگماتیکییانە لە وشەکانی سندوق و بەرزکردنەوەدا هەڵگیراوە، ، لەم دۆخەدا تاك، تا ئەو بەئاگایی و هوشیارییە زمانییەی لە نێو کۆمەڵەوە پێنەگات و پراکتیکی نێو کۆمەڵ نەبووبێت، ئەوا ناتوانێت لە بازنەی سیستەمی ڕێزمانی زمانەکە بترازێت، تاواتاکەی لەواتای ڕستەیی ڕووت دابتاشێت و واتایەکی پراگماتیکی نوێی لەبەربکات.

بەم پێیە توانستی پراگماتیکی لەپاڵ سیستەمی ڕێزمانی ئاخێوەری زمانەدا، پەیوەستە بە لولپێچکرنی ئەم توانستە زمانییە بە ژینگەی دەوروبەری کۆمەڵەوە و بە ئاگایی ئاخێوەر دێتەئاراوە. بەدیوێکی تر توانستی پراگماتیکی هەڵبژاردنێکی دروستی واتای گەیەنراوە، لەنێو واتاکانی تردا.

**4-2/1) توانستی پرگماتیکی بەرانبەر بە توانستی سیمانتیکی**

دیاریکردنی توانستی پراگماتیکییانە بەرانبەر بە توانستی (سیمانتیکییانە)[10] بابەتێکی سەرەکی فەلسەفەی زمانە، ئەم دوو چەمکە هەردووکیان لە واتا دەکۆڵنەوە، بەڵام هەر یەکەو بە ڕێگایەیەکی جیاواز لەوەی تر. هەر لەبنەڕەتەوە هەردووکیان لە یەك ئاستی زماندا کاردەکەن، ئەویش ئاستی واتاسازییە. چەمکی توانستی پراگمتیکی بەرانبەر توانستی سیمانتیکی بەهۆی ئاڵۆزی واتاوە دێتەئاراوە ، لەبەرئەوەی مەرج نییە هەمیشە گەیاندنی پەیامەکانی بەشداربووانی ئاخاوتن لەسەر ئاستی سیمانتیك بێت و ڕاستەوخۆ و سانایانە پشتبەستن بە توانستی سیمانتیکییانە تێگەیشتن بهێنێتەئاراوە، بەڵکودەکرێت زانیارییەکان پراگماتیکییانە بگەیەنرێت و واتایەکی قوڵ و شاراوەی هەبێت، لەوکاتەدا گرنگی و بنەماێتی توانستی پراگماتیکییانە لە شیکردنەوە و تێگەیشتندا دەردەکەوێت .

توانستی پراگماتیکی لە لێکۆڵینەوەی دەربرینی واتای ئاخێوەر خۆی دەبینێتەوە و سەرقاڵە بەدۆزینەوەی واتای دروستی دەربڕینە ئاڵۆزەکە. هەرچی سیمانتیکە بریتییە لە دەستنیشانکردنی واتای ڕستەی زمان، یان ئاستێك لە نموونەی گونجاو بە شێوازێکی لۆژیکی و تەکنیکی . (ئێمەدەتوانین واتای وشەکان تێبگەین لەسەر بنەمای ناوەڕۆکی واتای ڕستەکە، بەڵام زور بە کەمی دەتوانین لە فەرهەنگدا واتاکەی دەربهێنین، لەبەر بوونی سیفەتی واتاکەی، کە پەیوەستە بەڕستە، یان لەڕووی واتاوە وشەکان هەموویان بەیەکەوە بەستراونەتەوە. (Jachson, 1967:35 & Watzlawich) ، لە هەمان کاتدا توانستی پراگماتیکی بریتییە لە لێکۆڵینەوەی واتاکان، کە گوێگر لە سەر بنەمای لێکدانەوەی واتا ڕاست و مەبەستدارەکەی بەرهەمی دەهێنێت. Hoffman-Hicks, S. (1992:66) . توانستی پراگماتیکییانە گرنگی بە واتای ڕاستی مەبەستدار دەدات، کەچی ( توانستی سیمانتیکییانە مامەڵە لەگەڵ واتای لاسایکردنەوە دەکات. هەوڵدەدات بە شێوەیەکی پرۆگرامی واتا لەگەڵ دەوروبەری ڕستە ببەستێتەوە ، بەڵام ئەگەر سەرنج بدەینە پراگماتیك گرنگی بە سروشتی کرداریی قسەکردن دەدات) Canale, M. (1988:84). واتە توانستی پراگماتیکی لەو وشانە دەکۆڵێتەوە، کە بە شێوازی گەیاندن کاریگەردەبن. بۆ نموونە کاتێك ئاخێوەرێك ڕستەیەك دەردەبڕێت کەسی بەرامبەر هەوڵدەدات لە واتاکەی بگات، ئایا مەبەستی واتا سیمانتیکیەکەی دەربڕاوەکەیە، یان بەکارهێنانە پراگماتیکییەکەیەتی ، با لەواتای ئەم ڕستەیە وردبینەوە:

6- لێدانێکی چاکی لێدا.

ئەگەر لە واتای ئەم ڕستەیە بڕوانین، هەر ئاخێوەرێکی کورد گوێی لەم ڕستەیە بێت درك بەوەدەکات، کە مەبەست لە ئاوەڵناوی (چاك )واتا پیتییەکەی نییە، لێرەدا واتای ئاوەڵناوی (خراپ)دەگەیەنێت، واتا ڕاستەوڕاست پێچەوانەیە و ئەم بەکارهێنانە پراگماتیکییە لەئاوەزی مرۆڤی کورددا کۆد کراوە و پشتبەست بە توانستی پراگماتیکییانە لە واتاکەی دەگات، تەنانەت کەسێکی ئاخێوەری زمانەکەش بێت، خۆ کە توانستی پراگماتیکی تەواوی لە زمانی کوردیدا نەبێت ناتوانێت بە ئاسانی لەو واتا جیاوازە بەدەستهاتووە تێبگات.

¬پەیوەست بە فێرخوازی زمانی دووەمیشەوە ئەگەر ئەم توانستە پراگماتیکییەی بەرانبەر بە توانستە سیمانتیکییە، توانای تێگەیشتن و شرۆڤەکردنی نەبێت، ئەوا دەشێت لە توانستی سیمانتیکی بمێنێتەوە و نەگات بە واتای مەبەستدار، کە واتا پراگماتیکییەکەیە.

لەبەر گرنگی توانستی پراگماتیکی لە فێربوونی زمانی دووەمدا، لە بەشی داهاتوودا بەشێوەیەکی کارەکییانە لەسەر فێرخوازانی زمانی دووەم(کوردی) شرۆڤە و لێکدانەوە بۆ داتای فێرخوازانی زمانی دووەم پەیوەست بە توانستی پراگماتیکییەوە دەخەینەڕوو.

**2 ) هەڵسەنگاندنی کارەکییانەی توانستی پراگماتیکی فێرخوازان**

لەم بەشەدا، کارەکییانە هەڵسنەگاندنی توانستی ئاوەزەیی پراگماتیکیانە بۆ وەڵامی فێرخوازای زمانی دووەم دەکرێت، پەیوەست بەو پرسیارانەی، کە بە زمانی دووەم( کوردی) ئاڕاستەیانکرابوو. هەڵبژاردنی جۆری وەڵامی پرسیارەکان لەلایان فێرخوازانی زمانی دووەمەوە، چۆنێتی لێکدانەوە و تێگەیشتنیان بۆ پرسیارەکان دەستەبەردەکات، ئەم داتایانە ڕادە و هێزی توانستی پراگماتیکییان لە زمانەکەدا دەنوێنێت. لەم ڕوانگەییەوە یەك بەیەکی پرسیارەکان بەداتای وەرگیراو شیدەکەینەوە، بۆ ئەوەی کشان و ئاستی دابڕانی توانستی پراگماتیکییانەیان دیاریبکرێت، دواتریش وەڵامی فێرخوازان بۆ هەر پرسیارێك بەڕێژە و لەڕێی چارتەوە دەنوێنین.

لێرەدا داتای وەرگیراوی پرسیارەکان بە ڕیزبەندی فۆرمە ڕووماڵیەکە دەخەینەڕوو و شیکردنەوەیان بۆدەکەین :

1-بۆچی ئیشەکە بە کارزان ناکەیت؟

+ماڵی هەتیوو دەخوات.

أ- یاکل مال الیتیم.

ب- شخص لیس لدیە ضمیر.

ج-لا ارید ان یعمل لدي.

بەشێکی زۆر لە فێرخوازانی زمانی دووەم، لە کۆی گشتی(35) فێرخواز،(25)یان، کە دەکاتە ڕێژەی(71،4%)، بە کاریگەریی زمانی یەکەمیان توشی گرفتی لاسایکردنەوە و بەکارهێنانی پراگماتیکی زمانی یەکەمیان بوون و کەوتوونەتە هەڵەی دابڕانی پراگماتیکی زمانی دووەمەوە، ئەویش بۆ وەرگرتن و هەڵبژاردنی وەڵامی(أ)دەگەڕێتەوە، بە تێگەیشتنی ئەوان هەڵبژاردنی ئەم وەڵامە لە بەرانبەر ڕستەی (ماڵی هەتیوو دەخوات) گونجاوە، ئەم هەڵەیە بۆ بوونی وەرگێرانی واتای ڕستەکە پەیوەست بە نزیکی، یان وەك یەکی واتای ڕستەکە لە هەردوو زمانەکە(یەکەم و دووەم)دا ، دەگەڕێتەوە. بەشێکی تری فێرخوازانی دووەم وەڵامی(ج)یان هەڵبژاردووە، کە ژمارەیان(7) فێرخوازە واتە بە ڕێژەی(20 %)، ئەم ڕێژەیەش هەڵە و گرفتی دابڕانی پراگماتیکیان خۆی لە وەرگرتنی واتای سیمانتیکی دەبینێتەوە، ئەویش بە تێڕوانین لە وشەکانی(ئیشەکە + ناکەیت)، کە واتا سیمانتیکییەکەی لەگەڵ وشەکانی(یعمل) لەزمانی یەکەمیاندا یەکدەگرێتەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەڵامی دروستی بوونی توانستی پراگماتیکی لەلای(3) فێرخوازەوە بە ڕێژەی(8،6%) لە هەڵبژاردنی وەڵامی (ب)دا، بەرجەستەبووە، ئەم فێرخوازانە دوور لە هەڵەی ڕێژەکانی تر، بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی هەڵکەوتەی بەکارهێنان و ژینگەی دەوربەر و واتای فراوانی وەڵامی ڕستەکە، توانیویانە توانستی پراگماتیکی[11] زمانی دووەم بەرجەستەی تێگەیشتنیان لە زمانەکەدا بکەن.

ئەم چارتە ڕوونکردنەوەی داتاکان لە پرسیاری(1) بەرجەستەدەکات:




٢- ئەو برادەرە بۆ وا دەکات؟

+ چی بکەین نمەک نایگریت.

ا- ماذا نفعل لا يمسكه الملح


ب- ماذا نفعل انسان ناكر للجميع

ج- ماذا نفعل انسان غير عادل

بە تێگەیشتن لە داتای فێرخوازانی زمانی دووەم، ئەوە ڕووندەبێتەوە، ڕێژەیەك لە فێرخوزان بە هەڵە درکیان بە توانستی پراگماتیکی وەڵامی پرسیارەکە لە(أ)دا کردووە، بەجۆرێك ڕێژەکە(20.0%)ە، کە دەکاتە (7) فێرخواز، ئەم جۆرە هەڵەیەش لە گرفتی جیاوازی نەکردنی توانستی پراگماتیکی لەبەرانبەر بە توانستی سیمانتیکییدا هاتۆتە ئاراوە، ئەم فێرخوازنە دەشێت لە فێربوونی زمانی دووەمدا، لە ئاوەزیاندا ڕاستەوخۆ وشەی(نمەك)یان، بەرامبەر بە وشەی(ملح)ی عەرەبی وەرگرتبێت، واتە بوونی واتای وشە بەرامبەر بەواتای وشە، بەم پێیەش توانستی سیمانتیکی[12] هاتۆتە پێشەوە و لەتێگەیشتندا واتای پراگماتیکی لەبەرچاونەگیراوە، بەبێ ئەوەی هەلومەرجی ئەم وشەیە(نمەك) پەیوەست بە کلتور و بارودۆخی کۆمەڵی کوردەواری لێکبدەنەوە، لەبەرئەوەی بەشێکی زۆری کوردزمان وشەی (خوێ) لەگەڵ کرداری (گرت) بە واتایەکی قوڵ بەکاردەهێنێت، بەوەی کەسێك نانی کەسێکی تری خوارد ،نابێت نمەك حەرام بێت، تەنیا لەم تێگەیشتنە زمانییە پڕ توانستە پراگماتیکیەوە ئەم واتا فراوان و مەبەستدارە بەخۆیەوە دەبینێت. بەشێکی تری فێرخوازانی دووەم، وەڵامی (ج)یان هەڵبژاردووە، کە دەکاتە ڕێژەی(8.6%)و (3) فێرخوازن، لە واتای ڕستەکەدا، گرفتی وەرگرتنی وشەی(بۆ وادەکات)یان بۆ دروستبووە، لە ئاوەزی ئەواندا وا لێکدراوەتەوە واتای ئەم ڕستەیە، لە کردنی کارێکی خراپی بێ ویژدانی و نادادپەروەرییەوە سەرچاوەی گرتووە، بۆیە وشەی(غیر عادل)یان هەڵبژاردووە و کەتونەتە هەڵەوە. هەرچی وەڵامی دروستی بەکارهێنانی توانستی پراگماتیکییە،بەشێکی زۆر لە فێرخوازان، کە(25) فێرخوازن بە ڕێژەی(71.4%) وەڵامی(ب)یان پەسندکردووە ،بەمەش ئەو ڕاستییەمان بۆ ڕووندەبێتەوە هەندێك تێڕوانینی کلتوری هاوبەش لەنێوان میللەتاندا هەیە و لە کەرەستەکانی هەردوو زمانەکەدا هەڵگیراون و دەبنە بنەمای هەڵبژاردنی دروست، هاوکات ڕۆڵی سەرەکی لەگەشەکردنی توانستی پراگماتیکیی زمانە نوێیەکە لە ئاوەزی فێرخوازدا دەگێڕێت.

بەشێکی زۆر لە فێرخوازان، کە(25) فێرخوازن بە ڕێژەی(71.4%) وەڵامی(ب)یان پەسندکردووە.

ئەم چارتە ڕوونکردنەوەی داتاکان لە پرسیاری(2) بەرجەستەدەکات:




٣- لەگەڵ ڕەمەزان چۆنیت؟

+ کوڕەکەم یەک ڕۆژی لینەخواردووە


ا- ابني صايم كل شهر

ب- ما قدرت اصوم

ج- ما عندي التزام

بە تێڕامان لە وەڵامی وەرگیراوی پرسیاری سێیەمی فێرخوازانی زمانی دووەم، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، ڕێژەیەکی بەرز لە فێرخوازان بە نادروستی دركيان بە واتای مەبەست لەوەڵامی پرسیارەکیان لە(أ)دا كردووە، بەجۆرێك ڕێژەی(%77.7)، (27) فێرخواز لە بینین و خوێندنەوەی وشەی (ڕەمەزان)ی ئاخێوەر و وەڵامی گوێگر بە دەربڕینی وشەکانی( کوڕ + ڕۆژ) لە ئاوەزییاندا گەڵاڵەی واتای وشەکانی(ابنی+ صایم)یان کردووە، بەهاوکاری وشەی(کل شهر) دڵنیاییەکی زۆریان بەخۆیانداوە، کەواتە پەنایان بۆ توانستی سیمانتیکیانەبردووە و توانستی پراگماتیکانەی زمانی دووەمیان ونکردووە. ئەم جۆرە هەڵەکردنە بۆ پەنابردنەبەری ڕاستەوخۆی واتای پیتی دەربڕاوەکان دەگەڕێتەوە، کە لە وەڵامی پرسیارەکەدا دروستبووە ، هەمان جۆری هەڵەکردنیش لە گرفتی پچرانی توانسی پراگماتیکی زمانی دووەم لە داتای وەڵامی (ب)دا بەدیدەکرێت،کە بە ڕێژەی(%14.3)، (5) فێرخواز پەیوەست بەتوانستی سیمانتیکی وەڵامەکەیان هەڵبژاردووە. بەڵام وەڵامی دروست و ڕاستی توانستی پراگماتیکی لە وەڵامی(ج)دا ڕێژەیەکی نزمی خستۆتەڕوو بە ڕێژەی(%11.4)، واتە تەنیا (4) فێرخواز درکیان بە واتای پەنامەکیانەی وەڵامی (ج) کردووە ، کە بریتییە لەواتای پەنامەکی (پابەندنەبوونی کەسەکە بەبنەماکانی خواپەرستی و خۆدزینەوەیە لە وەڵامی ڕاستەوخۆی ڕۆژوونەگرتنەوە)، واتە ئەو مەبەستەی لەپشت ڕۆژوونەگرتنەوەیە ،گرنگە، بەمەش خۆیان لە هەڵبژاردنەکانی (ا) و (ب) بەدوورگرتووە.

ئەم چارتە ڕوونکردنەوەی داتاکان لە پرسیاری(3) بەرجەستەدەکات:




٤- چۆنە باسی کابرا ناکەیت؟

+کێو بە کێو ناگات ،بەڵام چاو بە چاو دەگات.


ا-الجبل لا يقابل الجبل ،لكن العين يقابل العين

ب-لا تكن لئيما مع اخاك الانسان

ج- ما اقدر اتكلم عليه

بە وەرگرتنی شیکردنەوەی داتای وەڵامی پرسیاری چوارمی فێرخوازانی زمانی دووەم، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، ڕێژەیەکی ئێجگار زۆر لە فێرخوزان بە نادروستی وەڵامی پرسیارەکیان لە(أ)دا کۆکردووەتەوە، بەجۆرێك ڕێژەی(88.6%)، (31) فێرخوازی زمانەکەی لە کێرڤەکەدا تۆمارکردووە، ئەمر فێرخوازانە بە لەبەرچاوگرتنی وشەی دیاری(چۆن)ی ئاخێوەر و وشەکانی (کێو + چاو) گوێگر، بێ هیچ سڵکردنەوەیەك و هەڵسەنگاندنێکی ئەمر گفتوگۆکردنە، کە پەیوەستبێت بە زمان و کلتور و بارودۆخی ڕەخساوی نێوان ئاخێوەر و گوێگر، فێرخوازن ڕاستەوخۆ ڕستەیەکی زمانی یەکەمیان هاوشێوەی واتای ڕستەی زمانی دووەمیان پەسندکردووە، چونکە وشە دوبارەبووەکانی (الجبل ، الجبل)و(العین ، العین) هەمان واتای(کێو، کێو) و(چاو ، چاو) دەگەیەنێت، ئەگەر ئەمر واتایانە لە ڕووی فەرهەنگی و واتای سیمانتیکی ڕاست و دروستبن، ئەوا لێرەدا واتاکەی لەوە فراوانتر و ئاڵۆزترە، بۆیە دەبوایە فێرخوازان بۆ خۆبەدوورگرتنیان لەمر جۆرە هەڵانە، پەنایان بۆ توانستی پراگماتیکی زمانی دووەمر ببەن. وەڵامی هەڵبژێردراوی (ج)لەلایەن بەشێکی تری فێرخوازانەوە، جۆرێکە لە گرفتی فێربوونی زمانی دووەمر بەبێ هەستکردنی تەواو بە بوونی توانستی پراگماتیکی زمانەکە، ڕێژەی(5.7%)، (2) فێرخوازی زمانی دووەمر، بەشێوەیەك وەڵامی ئەمر گفتوگۆکردنە لە توانستی ئاوەزییاندا دروستبووە، کە واتای ڕستەکەیان بردۆتەوە بۆ قسەنەکردن لەسەر مرۆڤێکی تر ،کەئەمەش بۆخۆی تاڕادەیەك گونجاوترە لەوەڵامی (ا) و هەنگاونانە بۆ گەشەکردنی توانستی ئاوەزییان .چەند فێرخوازێکی تر، کە ڕێژەیان(8.6%)ە و ژمارەیان (3) فێرخوازە ،وەڵامی(ب)یان هەڵدەبژاردووە. ئەمر ژمارەیە تێگەیشتوون ، کۆدێك لە وشەی (لئیما)دا هەیە، واتای ڕستەکەی کردووە بەبەشێك لە توانستی پراگماتیکیان نەوەك توانستی سیمانتیکییان.

ئەمر چارتە ڕوونکردنەوەی داتاکان لە پرسیاری(4) بەرجەستەدەکات:




٥- برادەران چی دەکەن؟

+ قەیسەریان لێ بۆتە کونە مشک.

ا- الشارع امامهم صار فتحة فار


.ب-یخافون

ج- مشغولین

شیکردنەوەی داتای وەڵامی پرسیاری پێنجەمی فێرخوازانی زمانی دووەمر، ئەوەمان پێدەڵێت، ڕێژەیەکی دیاریکراو لە فێرخوزان وەڵامی پرسیارەکیان لە(أ)دا بە نادروستی و بەهەڵە و گرفتی توانستی زمانی خستۆتەڕوو، بەجۆرێك ڕێژەی(68.6%)، (24) فێرخوازی زمانەکە کەوتوونەتە هەڵەی بەرامبەرکردنی وشەکان لە زمانی یەکەمر و دووەمدا، فەرهەنگێکی بەرواداکاریان لە ئاوەزیاندا دروستکردووە، وەکو هێنانەوەی وشەکانی( شارع + فار ) بەرامبەر بە وشەکانی ( قەیسەری + مشك )، ئەمر پەلەکردنە بووەتە هۆی دابڕانی توانستی پراگماتیکی ئەمر تێگەیشتەنە قوڵ و فراوانە واتاییە. لە لایەکی ترەوە ئەمر فێرخوازانە لەسەر بنەمای ڕوانین بۆ وەڵامی گوێگر(+)، کە لە ڕووی ڕۆنانەوە ڕستەیەکی درێژە، لە زمانی یەکەمیشدا ڕستەی(أ)بە بەراورد بە (ب) و (ج) هەمان پێکاهاتە نمایشدەکات و سەریان لەخۆیان شێواندووە و توانستی سیمانتیکیان بووە بە ڕێگر لە جولانی توانستی پراگماتیکی. لە وەڵامی (ج)دا، فێرخوازانی زمانی دووەمر بە (8) فێرخواز بە ڕێژەی(22.9%)، بە لێکدانەوەی واتای ڕستەی پرساری (-) بە تایبەتی کرداری(چی دەکەن) بەرەو وەڵامەکە چوون و (ج)یان هەڵبژاردووە واتە بەرامبەر بە کرداری (چی دەکەن) ڕستەیەکی مۆرفۆسینتکسیان لە (ج-مشغولین) هێناوەتەوە، لێرەدا بوونی توانستی پراگماتیکی وەلا نراوە. لە وەڵامی(ب)دا فێرخوازان بە ڕێژەی(8.6%)،(3) فێرخواز، بە هوشیاری و بە لێزانین و کاراکردنی توانستی ئاوەزیان توانیویانە توانستی پراگماتیکی لەمر ئاڵوزیە واتاییەدا لەگەڵ کردنەوەی کلیلی

دەوروبەرە ئەبستیمییەکە(13) بگونجێنن، ئەویش بە وەرگرتنی وشەی(فار)ە، واتە (مشك) هێمای ترسنۆکی و خۆشاردنەوەیە لە کونی تاریکدا، بەمەش تێگەیشتنیان بۆمەبەستی پراگماتیکیانەی (ترسنۆکی) لە زمانی دووەمد ابەرجەستەکردووە، بەو پێیەی واتای پراگماتیکی ئەم ڕستەیە ئەوەیە ،کە ئەم کەسانە هێندە ترساون قەیسەری و بازاڕیان لێبۆتە کونە مشك بەو بچوکییەوە..

ئەم چارتە ڕوونکردنەوەی داتاکان لە پرسیاری(5) بەرجەستەدەکات:




٦- ئایا فەرهاد مرۆڤیکی باشە؟

+ بەکرێ گیراوی دوژمنە


ا- مرتزقة العدو

ب-شخص مو جید

ج-شخص خائن

لە وەرگرتنەوەی داتای وەڵامی پرسیاری شەشەمی فێرخوازانی زمانی دووەم، زانیاری ونبوونی توانستی پراگماتیکیمان دەداتێ، کە چۆن فێرخوازانی زمانی دووەم دوچاری گرفتی نەبوونی ئەم توانستەبوون، لەبری ئەم توانستە پەنایان بۆ توانستی سیمانتیکی زمانی یەکەم بردووە. بوونی هەڵبژاردنی وەڵامی (أ) بە ڕێژەی (77.14%)، واتە (27)کەس لە فێرخوازانی زمانەکە واتای ڕستە بە ڕستەیان لێکداوەتەوە و تیدا سەرکەوتووبوون، بەڵام لە لە بنەڕەتدا، واتای وەڵامی (أ) لەگەڵ ژینگە و دەوربەری زمانی دووەم و واتای نەرێنی دەربڕاوەکە ،کە چەسپیوە لەئاوەزی مرۆڤی کورددا یەك ناگرێتەوە، چونکە واتای پراگماتیکی پێویستی بە توانستی پراگماتیکی هەیە، ئەویش لێرەدا بەدیناکرێت. لە هەڵبژاردنی وەڵامی (ب)دا ڕێژەی(8.6%)، کە(3) فێرخوازی زمانەکە دەکات، هەڵەی فێرخواز بۆ بەهەند وەرنەگرتنی واتای قوڵی وەڵامی گوێگرە، هەرچەندە تا ڕادەیەك لەوەڵامی (ا) گونجاوترە، بۆیە جۆرێك لە پەلەکردن ڕوویداوە و بارودۆخێکی تایبەتی بۆ خۆی ڕەخساندووە و جێگای بە توانستی پراگماتیکی لەقکردووە، لە ئەنجامدا ئەوەی واتا و مەبەستی پێویستە نەهاتووەتە ئاراوە. لە هەڵبژاردنی وەڵامی (ج)دا ڕێژەی(17.1%)ی فێرخوازان، واتە (6) فێرخوازی زمانی دووەم، بە کردنەوەی نهێنی وشەی پرسیاری(ئایا) و دواتر دروستکردنی گومان بە (مرۆڤێکی باشە؟)، توانیویانە لە ئاوەزیاندا پەی بەتوانستی پراگماتیکی زمانەکە نوێیەکەیان ببەن و تێگەیشتنێکی پراگماتیکیانەی قوڵتر لە وەڵامی (ب)بەدەستبێنن ،کە لە (شخص خائن)،(مرۆڤێکی ناپاك و خیانەتکار)ی وەڵامی (ج)دا خۆیدەبینێتەوە.

ئەم چارتە ڕوونکردنەوەی داتاکان لە پرسیاری(6) بەرجەستەدەکات:




٧- بۆچی نانەکەت ناخۆیت؟

+ دڵم گیراوە.


ا- نفسي مسدود

ب- شبعان

ج- مزاجي مو جيد

بەڕوانین لە داتای وەڵامی پرسیاری حەوتەمی فێرخوازانی زمانی دووەم، ڕێك توانستی سیمانتیکی بە زانیاری زمانییەوە لەبری توانستی پراگماتیکیدا لەلایەن فێرخوازانەوە بە هەڵبژاردنی وەڵامی (أ) و تۆمارکردنی لەم دایاگرامەدا بە ڕێژەی (60.0%)، بە بەشداری (21) فێرخواز نیشانەی نەبوونی توانستی پراگماتیکی زمانی دووەمە لە ئاوەزیی فێرخوازەکاندا، چونکە وەڵامی گوێگریان بە واتا وەرگیراوەکەی زمانی یەکەم لە قاڵبداوە و هیچ بارودۆخێکی نازمانیان لە فێربوونی زمانە نوێیەکەدا لەبەرچاونەگرتووە و لە ئەنجامدا کەوتوونە هەڵەی توانستییەوە. بەشێکی تر لە فێرخوازان، کە ژمارەیان(8)ە بە ڕێژەی (22.9%)، وەڵامی(ب)یان هەڵبژاردووە، بە (شبعان) بە واتای برسیم نییە، ئەم واتایە، گریمان بۆ پەیوەستبوونی دڵگیران بەتێرخواردنەوە لای ئاخێوەر بگەڕێتەوە، خۆ لە بنەڕەتدا واتاکەی بۆ پانتایەکی واتایی تر بەکارهاتووە، ئەویش بەلەبەرچاوگرتنی واتای پراگماتیکی مەییوی (بێتاقەتیی)ە لە توانستی پراگماتیکیانەی زمانی دووەمیدا، بۆیەوەڵامی دروست لە هەڵبژاردنی(ج)دایە. بەڵام لەم دایاگرامەدا کەمترین ڕێژە (17.1%)ە ، تەنها (6) فێرخواز توانیویانە لە ژێر تەوژمی توانستی سیمانتیکی زمانی دایك خۆیان دەربازبکەن و باردودۆخی ئاوەزیی توانستی پراگماتیکیانەی زمانی دووەمیان بەکاربهێنن و بە واتای مەبەست ئاشنابن.

ئەم چارتە ڕوونکردنەوەی داتاکان لە پرسیاری(7) بەرجەستەدەکات:




٨ - نازانیت ئەو ئیشە بەمن ناکریت؟

+ خۆڵ مەکەرە چاومانەوە.

ا- لا تحط التراب في عيننا.

ب- لا تفكرنا اهبل.


ج- لا تخدعنا.

شرۆڤەی داتای وەڵامی پرسیاری هەشتەمی فێرخوازانی زمانی دووەم بۆ وەڵامی (أ) بەڕێژەی (65.7%) ،ئەو بۆچوونەمان لادروستدەکات، ئەم (23) فێرخوازەی زمانی دووەم، دەبێت هەژموونی تێگەیشتنی توانستی سیمانتیکییانەی زمانی یەکەم لەسەریان مابێت و ڕێگربێت لە کردنەوەی کۆدی توانستی پراگماتیکی زمانی دووەمیان، چونکە فێرخوازان هەوڵیانداوە ئەم بۆشایی توانستییە بە کلیلی واتای وشە بە وشە پڕبکەنەوە، بۆ ئەم مەبەستە بەدوای وەڵامی گوێگرکەوتوون و وشەکانی (خۆڵ + چاو )یان دەستنیشانکردووە و لە بەرامبەریدا وشەکانی(تراب + عين )یان دۆزیوەتەوە، بێگۆمان ئەم دوو وشەیەش لە هەردووە زمانەکەدا وشەی ئاسایی نێو کۆمەڵ و بۆنەکانن و لە نێو داڕشتن و تێکستەکانی پۆلیش زۆر بەکاردێت، بۆیە لە وەڵامی واتایی قوڵ و ئەو دیوی مەبەست دوورکەوتوونەتەوە و گرفتی توانستی پراگماتیکی زمانی دووەمیان دەرکەوتووە. لە وەڵامی (ب)دا فێرخوازانی زمانی دووەم، کە (2) فێرخوازن بە ڕێژەی(5.7%)، کەوتوونەتە هەمان گرفت و هەڵەی وەڵامی (ب)ی پرسیاری(7)ەوە.

لە وەڵامی(ج)دا فێرخوازانی زمانی دووەم بە ڕێژەی(31.4%)، زۆر بەوردی و ژیرانە بە تێگەیشتنێکی ئاوەزیی قوڵی زمانی دووەمەوە چوونەتە نێو چێوەی واتا مەبەستەکەوە، ئەم(11) فێرخوازە، وەکو ئەوە وایە بڵێی لە ژینگەی زمانیی و کۆمەڵی کوردەواری ژیابێتن، یاخود نزیکبن، لەبەرئەوەی ئەم هەڵبژاردنە دروستە پڕ بە پێستی خۆیەتی، لە ئەمڕۆدا لە هەڵومەرجی سیاسی ، ئاڵوگۆڕکردنی

بیروبۆچوون، کڕین و فرۆشتن، کۆمەڵایەتی، ئەم دەربڕینە بۆ مەبەستی لە خشتەبردن و هەڵخەڵەتاندن بەکاردێت، بۆیە وەڵامی گوێگر بۆ ئاخێوەر بۆ خودی زمانی کوردیش توانستێکی باشی پراگماتیکیانەی دەوێت.

ئەم چارتە ڕوونکردنەوەی داتاکان لە پرسیاری(8) بەرجەستەدەکات:




٩- ئامانج کەسێکی چۆنە؟

+ کەسێکی چاو نەترسە.

ا- شخص شجاع


ب- شخص عینه لا یخاف

ج- شخص جرئ

لەداتای وەرگیراوی پرسیاری نۆیەمدا:

بەسەرنجدان لە ڕێژەی (%54.4)،(19) فێرخوازی زمانی دووەم، لە هەڵبژاردنی وەڵامی (أ)دا، ئاماژەیە بۆ تێنەگیشتنی تەواویان لە وەڵامی گوێگر بەرامبەر بە ئاخێوەر، هەروەها بەشێکی تری فێرخوازان بە ڕێژەی (%8.6)،(3) فێرخواز وەڵامی (ج)یان هەڵبژاردووەدا بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی واتای ڕستەکە لە واتای ڕستەی (أ) نزیکە، بەم هەڵبژاردنەش(ج) بەتەواوی خۆیان لە قەرەی وەڵامی گونجاو پەیوەست بە توانستی پراگماتیکیانەی زماکە داوە و خۆیان لە توانستی سیمانتیکی ڕستەی (ب) دوورخستووەتەوە، ئەم فێرخوازانەی(ج) درکیان بە بایەخی واتای پەنامەکی گفتوگۆکە کردووە، بۆیە تا دوا وەڵام ڕانەوەستاون، لە ئەنجامدا واتای حەشاردراوی نێوان هەڵبژاردەی وەڵامەکانی(أ، ب ، ج )یان لە بۆتەی ئاوەزیی نوێدا ئاشکراکردووە، کە مەبەستە پراگماتیکییەکەیە. هەرچی گرفتی فێرخوازانە لە هەڵبژاردنی وەڵامی (ب)دا بە ڕێژەی (%37.1)، ئەم (13) فێرخوازە هەڵەی تێڕوانینیانە بۆ گەڕانەوە بۆ واتای پیتی (چاونەترس) و (عینه لایخاف) ، ئەم بیرکردنەوە و ڕووکەشیە، وایکردووە لە هەڵهێنجانی واتای دەربڕاوەکەدا توانستی سیمانتیکی لەبەرچاوبگرن، لە بەرانبەردا توانستی قوڵی واتای پراگماتیکیانەی زمانە نوێکەیان درکپێنەکردووە و جیاکارییەکی زۆر کەوتووتە نێوان توانستەکان، ئەنجامەکەشی بە پاشەکشە و پشتگوێخستنی توانستی پراگماتیکی تەواوبووە.

ئەم چارتە ڕوونکردنەوەی داتاکان لە پرسیاری(9) بەرجەستەدەکات:




١٠- خەڵک بۆ ڕقی لە نەوزادە؟

+ کەسێکی زماندرێژە.

ا- سليط اللسان


ب- طويل اللسان

ج- يتكلم كثيرا

به شیکردنەوەی داتای بەدەستهاتووی هەڵبژاردنی وەڵامەکانی پرسیار(10)، ڕێژەی (17.1%)،(6) فێرخوازی زمانی دووەم، لە وەڵامی (أ)دا، دەستیان خستووەتە سەر وەڵامی دروستی پراگماتیکیانەی زمانی دووەم، ئەویش بە سەرنجدانیان لە پرسیاری ئاخێوەر و تەوەرەی بازنەی دروستکردنی ژینگەی گفتوگۆکردنبووە، فێرخوازان تێگەیشتنیان لەڕوانگەیەکی واتایی قوڵەوە پەیوەست بە زمانە نوێیەکەوەبووە، کە ئاخێوەری زمانی کوردی لە کۆمەڵی کوردەواری قسەی پێدەکەن. توانستی پراگماتیکی ئەم فێرخوازانە ڕەنگدانەوەی فێربوونیانە لە پرۆسەی فێربوونی زمانی دووەمدا و بەرز ڕاگرتنی توانستی سیمانتیکی و توانستی پراگماتیکی هەردوو زمانەکەیە، چونکە هەر یەکەیان لە دەوروبەری خۆیان بەکاردەهێنن و هیچ کامێکیان لە جێگای ئەوەی تریان بەکارناهێنن، واتە توانستی پراگماتیکیان گەیشتوتە ئاستێکی پێویست لە فێربووندا، بەڵگەی گەشەی توانستی پراگماتیکی ئەم ڕێژە کەمەش لەوەدا خۆی دەنوێنێت ، کە (سليط اللسان ) لەزمانی یەکەمیاندا(عەرەبی) بە دوو واتای جیاوازدێت ،هەم واتایەکی ئەرێنی (زمانپاراو) دەگەیەنێت و هەم بەواتای نەرێنی (زۆربڵێ و سنووربەزێن )دێت ،زیرەکی ئەمان لەوەدایە لەزمانی دووەمیشیاندا ،کە (کوردی)یە و بەواتای (زۆربڵێ و سنووربەزێن ) ەکە دێت و هەر واش لێیتێگەیشتوون.


لە هەڵبژاردنی وەڵامی (ب)دا ڕێژەی (71.4%)،(25) فێرخواز، ڕاستە و ڕاست(ڕاستەوخۆ) بێ شیکردنەوە و تێڕامان لەواتای قوڵی دەربڕاوەکە لە زمانی دووەمدا ، زمانی دایکیان بە توانستی سیمانتیکی کردووە بە پێوەری وەڵامی وشە بە وشە(درێژ + زمان ) ، (طويل+ لسان) وەڵامی فەرهەنگی و وشەییان کردووە بە پێوەری پراگماتیکیانە، بە پێچەوانەوە دەبوایە ئەم ژمارە زۆرەی فێرخوازان دوای توانستی پراگماتیکی کۆکراوەی فێربووی زمانەکەدا بکەوتنایە،تاوەکو ئاستی فێربوونیان لە ئاستێکی باش نیشانبدایە. هەر لە هەڵبژاردنی وەڵامی (ج)دا ڕێژەی (11.4%)،(4) فێرخوازی تر لە گرنگی دەوربەری وەڵامی گوێگر بەرامبەر بە ئاخێوەر تێنەگەیشتوون و کەوتوونەتە گرفتی توانستی پراگماتیکی زمانی دووەمەوە، لەم هەڵبژاردنەشدا توانستی سیمانتیکیان لە پانتایی و فراوانی توانستی پراگماتیکی زمانی دووەمی کەمکردۆتەوە ، بە دیوێکیتر بووە بە گرفت و لەمپەر بۆ توانستی پراگماتیکیانەی فێربوونی زمانی فێرخوازانی زمانی دووەم(کوردی).

ئەم چارتە ڕوونکردنەوەی داتاکان لە پرسیاری(10) بەرجەستەدەکات:




بەم شێوەیە لە شیکاری ڕاستاندنی کارەکییانەی دابڕانی توانستی پراگماتیکیانەی فێرخوازانی زمانی دووەم(کوردی) دەتوانین، ئەم ڕوونکردنەوەیە لە داتای بەرهەمی فێرخوازانی زمانی دووەم لەم چارتەدا بنوێنین:

ئەم چارتە ڕوونکردنەوەی کۆی داتاکانی هەموو پرسیارەکانە بەرجەستەدەکات:




شیکاریی دروستی چارتەکە لەم تێگەیشتنە پراگماتیکاینەوە بۆ زمانی دووەم شیددەکەینەوە: فێرخوازانی زمانی دووەم لە کۆی (35) فێرخواز بە ڕێژەی جیاواز درك بە بایەخ و شوێنی پێویستی توانستی پراگماتیکی لە زمانە نوێیەکەدا دەکەن و تێیدەڕوانن، بە شێکی زۆر لە فێرخوازان لە کێڵگەی توانستی پراگماتیکی دوورکەوتوونەتەوە و دابڕانی ئەم توانستە لە ئاوەزیی زمانی دوومیاندا ڕەنگێکی تۆخی بەرجەستەکردووە، بەجۆرێك لە کۆی (35) فێرخواز لە (10) پرسیاردا بەرامبەر بە (3) هەڵبژاردن، واتە لە ئەنجامی (350) پرسیاردا تەنیا(56) وەڵامی دروست لە داتای فێرخوازانەوە دێتەبەرهەم، ئەم ڕێژەیە بە(16%)ەوە دەبێتە توانستی پراگماتیکی فێرخوازانی دووەم، بەو واتایەی توانستی سیمانتیکی کۆنترۆڵی ئاوەزی فێرخوازانی دووەمی کردووە و فێرخوازان بە (296) وەڵامی هەڵەی گرفتی توانستی پراگماتیکی بە وەڵامی (350)پرسیارەکەدا بردووە، دەکاتە ڕێژەی (84%). ئەم ڕێژانە دەرخەری ئاستی فێربوونی فێرخوانی دووەم بە گرفت و دابڕانی توانستی پراگماتیکی لە قۆناغەکانی کۆتایی ناو پۆل و زانکۆمان بۆ ئاشکرادەکات، چۆن توانستی سیمانتیکی، کە مولْکی ژینگە و دەوروبەری زمانی یەکەمە و ناتوانێت کەلێنی گەورەی دابڕانی توانستی پراگماتیکی بۆ فێرخوانی زمانی دووەم پڕبکاتەوە، لەبەرئەوەی توانستی پراگماتیکیش هەمان بایەخ و شوێنی خۆی لە ژینگە و دەوەربەری کۆمەڵی کوردەواری هەیە و جیاوازە و ئاڵوگۆڕ ناکرێت بە ژینگە و دەوەربەری زمانی یەکەم(عەرەب)ی.

**ئەنجام:**

لەشیکردنەوەی کارەکییەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا، گرنگترین ئەم ئەنجامانەی تێدا بەدییدەکرێت:.

1-شیکردنەوەی واتایی وەڵامی هەڵبژێردراوی (أ) لە پرسیاری (1)دا ئەو ڕاستییەی بۆ بەرجەستەکردین، کە بەشێکی زۆری فێرخوازان، بە کاریگەری زمانی یەکەمیان گرفتی لاسایکردنەوە و بەکارهێنانی پراگماتیکی زمانی یەکەمیان هۆکاری سەرەکی هەڵەی دابڕانی پراگماتیکییانەیە لە زمانی دووەمدا.

2-وەك لەشیکردنەوە کارەکییەکاندا دەرکەوت ،توانستی سیمانتیکی ناتوانێت، دابڕانی توانستی پراگماتیکی لە فێربوونی زمانی دووەمدا پڕبکاتەوە.

3-شیکردنەوەی داتاکانی پرسیاری (2) لەڕوانگەی هەڵبژاردنی ژمارەیەکی بەرچاوی فێرخوازان بۆ وەڵامی (ب)ی پرسیارەکە، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە ڕاستە، کە دابڕانێکی توانستی پراگماتیکییانەی زۆر لەکۆی هەڵبژاردنی وەڵامی پرسیارەکاندا هەیە( وەك لەئەنجامی پێنجەمداهاتووە) ،بەڵام ئەم نموونەیە بەڵگەیە بۆ ئەوەی تێڕوانینی کلتوری هاوبەش لە نێوان دووزماندا فێربوونەکە کاراتردەکات و سەلمێنەری ئەوەیە ئەم نۆرمە کلتورییە هاوبەشانەی لەنێوان کلتورە دراوسێکاندا هەیە، ڕۆڵێکی بەرچاو لەتێگەیشتن و پتەوکردنی توانستی پراگماتیکییانەدا دەگێڕێت و تێگەیشتنی دروست دێنێتە کایەوە .

4-بەشێك لە فێرخوازانی زمانی دووەم لە هەڵبژاردنی وەڵامی(ج)ی پرسیاری (8)دا زۆر بەوردی و ژیرانە بە تێگەیشتنێکی ئاوەزیی قوڵی زمانی دووەمەوە چوونەتە نێو چێوەی واتای مەبەستەوە و وەڵامی دروستیان هەڵبژاردووە، هەرچەندە ڕێژەکەیان بە بەراورد بە هەڵبژاردنی وەڵامە هەڵەکە کەمترە. ئەم چەند فێرخوازە، وەکو ئەوە وایە بڵێی لە ژینگەی زمانیی و کۆمەڵی کوردەواری ژیابێتن، ئەمەش ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت، لە فێربوونی زمانی دووەمدا فێرکردنی نموونەکانی ناو پۆل چەند گرنگە، هێندە تێکەڵبوونی فێرخواز بە ژینگەی کۆمەڵایەتی و بەکارهێنانی پراگماتیکی دەربڕاوەکان بۆ پتەوکردن و زەنگینکردنی توانستی پراگماتیکییانە گرنگە.

5-هەڵەی فێرخوازانی زمانی دووەم بۆ دابڕانی توانستی پراگماتیکی لە فێربوونی زمانە نوێیەکە (کوردی) دەگەڕێتەوە، بە جۆرێك لە کۆی گشتی هەڵبژاردنی وەڵامی پرسیارەکانی لێکۆڵینەکەوە، (84%) ی فێرخوازان، گرفتیان لە دۆزینەوەی واتای قوڵ و مەبەستدا هەیە.

## پێشنیار:

لە وەرگرتنی داتاکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە لە بەشی زمانی کوردی- کۆلیژی پەروەردەی ئیبن روشدی- زانکۆی بەغدا ئەوەمان بەدیکرد، کە بابەتی واتاسازی لە پرۆگرامی بەشەکەیاندا بوونی نییە، لەبەر ئەوەی لەم بەشەدا ئەم بابەتە لە هیچ کام لە قۆناغەکانی خوێندن ناخوێندرێت، لە کاتێکدا بەشێکی زۆر لە فێرخوازانی بەشەکە زمانی یەکەمیان زمانی عەرەبیە . لەم ڕوانگەیەوە پێشنیارمان بۆ هەموو ئەو زانکۆ و پەیمانگە و ناوەندانەی فێرکردنی زمانی دووەمیان تێدا ئەنجامەدرێت، ئەوەیە، کە پێویستە گرنگی زیاتر بە ئاستی واتاسازی ( سیمانتیك و پراگماتیگ) بدرێت، پەیوەست بەم لێکۆڵینەوەیەشەوە جەخت لەسەر کرۆکیی و بنەمایی ڕۆڵی خوێندنی بابەتە پراگماتیکییەکان دەکەینەوە، کە بنەمای بەهێزبوونی توانستی پراگماتیکی ئەو فێرخوازانەیە.

### پەراوێزەکان:

1- بۆ زیاتر زانیاری بروانە:

أ (Ellis (1997 : 3-4

ب( Gass , Susan , Selinker ,Larry) 2008 :24-25

2- زیاتر ئەم چەمکە تەنیا بە زمانی یەکەم ببەستێتەوە، دوور، یان نزیك گرنگی بە زمانی دووەم، پەیوەست بە فێربوونەوە نەداوە. Arumi Ribas, M. (2009)

3- لە زمانی ئینگلزیدا ڕستەی (I like them.) (بەرکار) تیایدا بە قەڵەوی نادرکێنرێت، بەڵام هەمان ڕستە بە زمانی فەرەنسی بە(.jeles aime) گۆدەکرێت، کە بەرانبەرە بە ڕستە ئینگلیزیەکە، جیاوازی ڕستەکان ئەوە دەردەخات لە زمانی ئینگلیزیدا بەرکار بە شێوەی سووك دەدرکێندرێت، کەچی بەرکار لە زمانی فەرنسیدا قورس دەدرکێنرێت، بۆیە جۆرێك لە گرفت لە نێوان دوو زمانەکە دێتەئاراوە، ( بۆ ئەم مەبەستە گریمانەی بەرانبەری زمانی پێشبینی دەکات ئەم پێکهاتەیە لەسەر کەسێکی ئینگلیز ئەستەمە کاتێك، کە فێری زمانی فەرەنسی دەبێت، بە پێچەوانەشەوە لەسەر فەرەنسیەکان ئەستەمە، بۆیە بەراوردکردن لە نێوان دوو زمان بە ئامانجی دروستکردن و کاراکردنی پلاندارێژی فێرکردن بۆ زمانی دووەم پێویستە). التأريخ الحديث للبحث في تعليم اللغة الثانية: 42.

4- بۆ زانیاری زیاتر بروانە:

ئەبوبەکر عومەر قادر (2003 :80-115)

5- بۆزانیاری لەسەر چەشن و جۆرەکانی دەوروبەر بڕوانە :

ا- تاڵیب حوسێن عەلی (2011: 43)

ب- .شاخەوان جەلال فەرەج (2011 : 122-131)

پ- تریفە عمر محمد (2013؛21-25)

ت- ئاڤێستا کەمال مەحمود (2009 : 11-17)

6-ئەم چەمکە لە زمانی کوردی بە (توانست) و لە زمانی ئینگلیزی بە(competence)، لە زمانی عەرەبی( الکفائة) ناوەدەبرێت.

7- کاراکردنی توانست (چالاکی)(performance): بریتییە لە بەکارهێنانی ڕاستەوخۆی زمان، دەشێت ئەم بەکارهێنانە ڕاست و دروست نەبێت، ئەویش بە هۆکاری شلەژان و دوبارەبوونەوە و باری دەرونی، ئەگەری هەیە بەم بارودۆخانە،ئاخێوەری زمانەکە توشی هەڵەی زمانیی دیار و زەق ببێتەوە.(نایف خرما 1978:71).

بۆ زیاتر زانیاری لەبارەی پێناسەی کاراکردنی توانست و جیاوازی لەگەڵ توانست بڕوانە:

أ-دڵنیا نوری عبداللە (2015 :18)

ب- د.د. ویندۆوسن (2008 :35-40)

8- تۆماس ، 1983 ؛ ولیتش ، 1983

9- بۆ زانیاری لەبارەی ستراتیژ ستراتیژەکانی فێربوونی زمانی دووەم بڕوانە:

ئاسۆ عبدالرحمن کریم (2019 : 37-38)

10- بۆ زانیاری لە بارەی چەمك و پێناسەی سیمانتیك بڕوانە:

أ- کلۆد جێرمان ریمۆ لۆبلان، و:یوسف شەریف سەعید (2006: 1-25)

ب- تاڵیب عەلی حوسێن (2011: 12-30)

پ- عەبدولواحید موشیر دزەیی (2010:13-20)

11-بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە توانستی پراگماتیکی، بەشی یەکەم، پاری دووەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە.

12- بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە توانستی سیمانتیکی، بەشی یەکەم، پاری دووەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە.

## سەرچاوەکان:

**سەرچاوە کوردییەکان**

**نامەی ئەکادیمی:**


کریم، ئاسۆ عبدالرحمن (2019)، ستراتیژە کۆزمانەوانییەکان لە فێربوونی زمانی دووەمدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی زمان،زانکۆی سلێمانی.

قادر، ئەبوبەکر عومەر (2003)، بەراوردێکی مۆرفۆسینتاکسی لە زمانی کوردی و فارسی دا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلیمانی

محەمەد، تریفە عومەر (2013) ،پراگماتیکی فەرهەنگی و پێکداچوونی پێکهاتەکانی،نامەی دکتۆرا ،فاکەڵتی زانستەمرۆڤایەتییەکان – سکوڵی زمان ،زانکۆی سلێمانی.

ڕەسول، خەسرۆ ئەحمەد (2012)، ڕستە لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا لە ڕوانگەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوەدا، نامەی دکتۆرا، فاکەڵتیی ئادابی زانکۆی سۆران.

عبدالله، دڵنیا نوری ( 2015 ) ، ستراتیژیەتی فێربوونی زمانی دووەم ( خوێندنی بنەرەتی بە نموونە )، نامەی ماستەر ، کۆیژی زمان، زانکۆی سەڵاحەددین.

کمال، دیار علی (2002) ڕێزمانی کوردی- ڕوانگەیەکی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە، نامەی ماجستێر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەڵاحەدین.

فەرەج، شاخەوان جەلال ( 2011 )، تابۆ وەك نموونەیەکی پەیوەندی نێوان زمان و کلتور، نامەی دکتۆرا، کۆلیژی زمان، زانکۆی سلێمانی. کوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی.

خلیل، ناهیدە ڕەحمان (2013)، زمانپژاندن و دیاردە سایکۆ- فۆنۆلۆژییەکانی زمانی کوردی، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.

عومەر، نەوزاد ئەنوەر (2014) هەندێ لایەنی کۆمەڵایەتیی پراگماتیك لەزمانی کوردیدا ،نامەی دکتۆرا ،فاکەڵتی زانستەمرۆڤایەتییەکان – سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی.


**کتێب:**


بێرنارد کەمرێ، جێرید دایەمەند ، دەوەگ واڵن ك. دەیڤید هاریسن. وەرگێرانی کامیل محەمەد قەرەداخی (2007 )، زمان ،چاپخانەی تیشك .

عەلی، تاڵیب حوسێن (2011)، واتاسازی ، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

دزەیی، عەبدولواحید موشیر (2010)، واتاسازی و وشە و ڕستە،چاپخانەی ڕۆژهەڵات ،چاپی یەکەم.

کلۆد جێرمان ریمۆ لۆبلان،و:یوسف شەریف سەعید واتاسازی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەکەم،2006

فەتاح، محەمەد مەعروف (2010) ، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، چاپخانەی موکریانی.

ویدۆوسن ە. د (2008) وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: هۆشەنگ فاروق، سەرەتایەك بۆ زمانەوانی، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی خانی، دهۆك.

مەحمود، ئاڤێستا کەمال(2009) ، پراگماتیکی ڕستەی پرسیار و فەرمان لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.


**سەرچاوەی عەرەبی:**

**کتێب (کتب)**


سیجوان **Miguel Siguan** ولیم مکای William Macke : ابراهیم القید و محمد مجاهد ( 1995) التعلیم وثنائیة اللغة ، جامعة الملك سعود بالریاض .

.نایف خرما و علي حجاج (1978) ، اللغات الجنبية تعليمها و تعلمة، عالم المعرفة، كويت،ن.ي. كولنج

:التأريخ الحديث للبحث في تعليم اللغة الثانية: 42. موقع النترنيت

.Com 2016-1-blog posthtml didactique – Fle . blogsot


**سەرچاوەکانی ئینگلیزی** :


Arumi Ribas, M. (2009). Study of the perceptions of foreign language students on the use of some self-regulation instruments. Revista .Española de Linguística Aplicada

.L.F. (Ed ,In: Bouton .and pedagogy together pragmatics Bringing :teaching language and Pragmatics .(1996) ,.K ,Bardovi-Harlig

.Chomsky) 1980( Rules and Representations. Basil Blackwell. Oxford-

.Chomsky, Noam. (1965). Aspects of the Theory of Syntax. Cambridge, MA: MIT Press

Swain, M. (1980). Theoretical bases of communicative approach to second language teaching and testing. Applied &.Canale, M .linguistics

Lyons.John (2002) ,Language and Linguistics An introduction

.Cambridge University press, Cambridge

Naeimi. A. (2011). A cross-linguistic study of refusals: An analysis of pragmatic competence development in Iranian EFL &.Allami, H .learners

Rose, K. (1999). Teachers and students learning about requests in Hong Kong. In Hinkel, E. (Ed.) Culture in second language teaching and .learning. Cambridge Cambridge University Press

.Bachman, L. (1990). Fundamental considerations in language testing. Oxford Oxford University Press

.Harmondsworth: Penguin. Ifantidou, E. (2013). Pragmatic competence and explicit instruction. Journal of Pragmatics

.Carston, Robyn (2002) Thoughts and Utterances: The Pragmatics of Explicit Communication. Oxford: Blackwell

M. Balconi and S. (2010) Amentia ,from pragmatics to Neuopragmatics . Neuropsychology of communication, ed Michela Balconi. ) .Springer

Hoffman-Hicks, S. (1992). Linguistic and pragmatic competence: Their relationship in the overall competence of the language learner. .Pragmatics and Language Learning

.Verschueren, Jef. (1999) Understanding Pragmatics. London, New York: Arnold Publishers

.Chomsky, N. (1980). Rules and representations. New York Columbia University Press

. Jachson, D.D.(1967) Pragmatics of Human Communication, New York: W.W.Norten &.Watzlawich, P.,Beavin,J.H

.Canale, M. (1988:84). The measurement of communicative competence. Annual review of applied linguistics

.Dec., 1977), Autonomous Syntax and the Analysis of Auxiliaries, Geoffrey Pullum and Deirdre Wilson Language)

,Stephen C. Levinson, Pragmatics, Cambridge University Press, London, New York ،Pragmatics by Stephen C. Levinson ,( 1983)

## فقدان الكفاءة التداولية في تعلم اللغة الثانية-اللغة الكردية أنموذجاَ

**شاخەوان جلال حاجى فرج**
قسم اللغة الكوردية-كلية اللغات/جامعة السليمانية

**أسو عبدالرحمن كريم**
قسم اللغة الكوردية-كلية التربية/جامعة صلاح الدين

**الملخص**

هذا البحث موسوم بـ **(فقدان الكفاءة التداولية في تعلم اللغة الثانية-اللغة الكردية أنموذجاً)**، وقد تناول هذه الدراسة بُعد جوانب التداولية (البراغماتية) عند متعلم اللغة الثانية، لأن الفرد عندما يتعلم لغة معينة فقد يدرك المفردات والقواعد هذه اللغة دون وجود كفائة البراغماتيكية. وقد بحث هذه الدراسة عن كيفية تصرف المتحدثين اللغة الثانية في سياق محدد وثقافات محددة، وبيان مدى فهم متعلم اللغة الثانية لكفاءة البراغماتية والاتصالية في أبنية اللغة الكردية، وتحديد مشاكل التي تواجه متعلم من خلال استخدام اللغة البراغماتيكية والتفاعل الاجتماعي. وقد تتألف هذه الدراسة من مقدمة و مبحثيين : وتناول المبحث الأول: أبراز تعلم اللغة الثانية في الجانب النظري، أما المبحث الثاني تناول البراغماتية في الجانب التطبيقي وانتهى البحث بخاتمة تظهر النتائج التي توصلت إليها البحث.

## Pragmatics Avoidance in Second Language Learning: Kurdish language as an example

**Shakhawan Jalal Haji Faraj**
Department of Kurdish language – collage of language / Sulaymaniyah University

**Aso Abdulrahman Karim**
Department of Kurdish language – collage of Education / Salahaddin University-Erbil

**Abstract**

This paper is entitled Pragmatics Avoidance in Second Language Learning: Kurdish language as an example. This study is concerned with the Point that when a foreign language learner learns Kurdish Language, first s/he learns and controls the sematic aspect of the lexical items of the language. That is, in communication, they can use the vocabularies and sentences semantically.

The research questions are: Do Second language learners, when learning pragmatics, have capacity to use linguistic elements? To what extent the pragmatics avoidance results in difficulty in Kurdish Language learning? In order to answer these tow questions, this study consists of two parts: theoretical and practical. It focuses on the importance of pragmatics of linguistic units (in addition to their semantic uses), and sheds light on the issues or difficulties that face Kurdish language learning regarding pragmatic competence.

**Keywords:** Second Language learns, Pragmatics Avoidance, pragmatic competence.